# رۆژنامە ٧

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.496 Tue 23/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 496 سێشەممە 23/ 6/ 2009



**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ ئەندازیارو رووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەرێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) رووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :

٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠

٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠

کۆمپانیای بەرێز


## زیاتر لە ٤٠ پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان نەبوونو کاتیش بە پەرلەمانتاران نەدرا دەستوور بخوێننەوە

# ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئاگاداری گۆڕانکارییەکان نەبوون

**رۆژنامە**

پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان بە ئامادەنەبوونی زیاتر لە ٤٠ پەرلەمانتار بڕیاریدا لە رۆژی (٧/٢٥) لە دەنگدانێکی نهێنی سەرتاسەریدا راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت، کە هاوکاتە لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدایە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە نەبوون کە لە رەشنووسی دەستوورەکەدا کراوە.

دوێنێ (٦/٢٢) پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی سازکرد، کە تایبەت بوو بەخوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر چەند تەوەرێک، لەوانە، گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، تەوەری دووەم تایبەت بوو بە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێم، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە، تەوەری سێیەم بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای هەمواركردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، تەوەری چوارەم تایبەت بوو بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، تەوەری پێنجەم بریتی بوو لە خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی تێبینییەکانی سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای ژمارەی (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دوو مانگ پێویستە بۆ ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوور، بەڵام عەدنان موفتی ئەوەی بۆ پەرلەمانتاران خستەڕوو کە بەهۆی ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکان، ئامادەکاریی بۆ راپرسی دەستووریش کراوە، پەرلەمانتار مەلا سەعدەدین پێیوابوو ناکرێت تەنیا لەبەر ئامادەکردنی چەند سندوقێک بۆ دەنگدان پەلە لە دەستوور بکرێت.

دوای تەواوبوونی دانیشتنی پێش نیوەڕۆی رۆژی (٦/٢٢)ی پەرلەمانی کوردستان، عەدنان موفتی، ئەندامانی پەرلەمانی ئاگادارکردەوە، کە دوا رەشنووسی دەستوور لە سندوقەکانیاندا دانراوەو لە ماوەی (٤٥) خولەکدا بیخوێننەوە، بەوەش بەرپرسانی پەرلەمان رووبەڕووی رەخنە کرانەوە.


وردەکاریی زیاتر لە ل٢و٣


## چوار حیزبەکە داواکارییەکەی تاڵەبانی رەتدەکەنەوە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

ئەندامێکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی لیستی (خزمەتگوزاریو چاکسازی) چوار حیزبەکە ئاماژە بەوە دەکات، بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم تائێستا هیچ کەسێکیان دەستنیشان نەکردووە بۆ ئەوەی دەنگی پێبدەنو لایەنگرانیان ئازادن دەنگ بەکێ دەدەن، هەرچەندە لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا جەلال تاڵەبانی داوای لە بەرپرسانی چوار حیزبەکە کردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەن.

لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی لە (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشان-باڵی قادر عەزیز) پێکهاتووەو بە یەکێک لە رکابەرەکانی لیستی کوردستانی دادەنرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، کە وا بڕیارە (٢٥)ی تەمموز بەڕێوە بچێت، پێشتریش بەرپرسانی لیستەکە ئەوەیان راگەیاندووە، کە پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نابێت.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانو ئەندامی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی لیستی (خزمەتگوزاریو چاکسازی) بە رۆژنامەی راگەیاند: مام جەلال داوای لە چوار حیزبەکە کردووە دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە وەکو چوار حیزبەکە هیچ کاندیدێکمان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نییە، بۆیە ئێمە رامانگەیاندووەو رایدەگەیەنین خەڵکو جەماوەری ئێمە ئەوانەی کە دەنگ بە لیستەکەمان دەدەن، ئازادن دەنگ بە کام کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دەدەن، تائێستاش ئەوە دوا هەڵوێستمانە.

## روونکردنەوەیەک لە نەوشیروان مستەفاوە

لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردندا کۆمەڵێک وێنەی من وەک ریکلام بۆ لیستی گۆڕان بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ سوپاسی بێ پایانم بۆ ئەو کەسانەی کە لەڕووی دڵسۆزیی و متمانەیان بە من ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە کارێکی دڵخۆشکەر نییە کە جارێکی دیکە گرنگی بە کەسایەتی بدرێت، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کارکردنە بۆ گۆڕانو بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان، بۆیە دڵنیای هەموو خەڵکی کوردستان دەکەمەوە کە ئەو وێنانە لای ئێمەوە چاپ نەکراون، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بانگەشەیە بۆ لیستەکەو بەرنامەکەی، بە داوای لێبووردنەوە داواکارم لە هەموو لایەک کە وێنەی من بڵاونەکەنەوە لەبری ئەوە کار بکەن بۆ شیکردنەوەی بەرنامەی گۆڕانو کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ئەو لیستە.

**لەگەڵ رێزو حورمەتی**

**براتان نەوشیروان مستەفا**

٢٠٠٩/٦/٢٢

## ٣٥ خێزانی ئاوارەی شەڕی ناوخۆ لە ٣ خانوودان


ل ٨


## لە رانیە ئەفسەرێک هێرشدەکاتە سەر لیستی گۆڕان

**هەستیار قادر**

ئەفسەرێکی لیوای سێ لە قەزای رانیە هێرشدەکاتە سەر چەند هەڵسوڕاوێکی کەمپەینی بانگەشەی لیستی گۆڕانو دوای لێدانیان، پۆستەرەکانی لیستەکە دەدڕێنێتو بۆماوەیەکیش دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیاندا دەگرێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، دوێنێ لەیەکەم رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئەفسەرێکی لیوای سێ لەقەزای رانیە بە پلەی (رائید) بە ناوی (خ،ا) و لەگەڵ کوڕەکەیدا هێرشیانکردووەتە سەر چەند هەڵسوڕاوێکی کەمپەینی بانگەشەی لیستی گۆڕان کە سەرگەرمی هەڵواسینی پۆستەری تایبەت بە لیستی گۆڕان بوونو لەدوای لێدان، پۆستەرەکان دەدڕێنێت بۆماوەیەکیش دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیاندا دەگرێت،

مستەفا سەلیم نوێنەری لیستی گۆڕان لە رانیە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە بە رۆژنامەی راگەیاند «لەدوای ئەوەی کە لەلایەن شارەوانییەوە شوێنمان پێدرا بۆ دانانی چادر، لایەنگرانی لیستەکەمان دەستیانکردووە بە هەڵواسینی پۆستەری تایبەت بە لیستی گۆڕانو دواتر لەلایەن ئەو رائیدەوە هێرشکراوەتە سەریانو زۆری نەمابوو کێشەکە گەورەبێت، بەڵام توانیمان هێوری بکەینەوە».

## وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی ئەمنی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن پێکدەهێنێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

بڕیارە وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی ئەمنی لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بۆ کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پێکبهێنێت.

لیژنەی باڵای ئەمنی بۆ کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بە سەرۆکایەتی راستەوخۆی وەزیری ناوخۆو بە ئەندامێتی هەرسێ پارێزگاری هەولێرو سلێمانیو دهۆکو بەڕێوەبەرێتییەکانی گشتیی پۆلیسی ئەو سێ پارێزگایە پێکدێت، لەهەر پارێزگایەکیش لیژنەیەکی فەرعی بە سەرۆکایەتی پارێزگاری ئەو شارە دەستبەکار دەبێت.

لیوا فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: بڕیارە لیژنەیەکی ئەمنی دروستبکرێت بۆ پاراستنی شوێنەکان لەکاتی روودانی کێشەیەکدا، کە لەکاتی بانگەشەدا لەلایەن قەوارە بەشدارەکانی هەڵبژاردن یان لایەنگرانیاندا رووبدات، بەڵام تائێستا رێنمایی دەستەبەکاربوونی ئەو لیژنەیەمان بەدەست نەگەیشتووەو پێدەچێت لەچەند رۆژی داهاتوودا دەستبەکاربین.

بڕیاریشە بارەگای ژووری عەمەلیات لە دیوانی پارێزگا بێتو بەدواداچوون بۆ هەموو کێشەیەکی لەناکاو بکات.

# ـــەجێدەکات یان پلان؟

# ـــرۆژەی دەســتـوور بخـوێنـنەوە

کوردستان یاساکەی پەسەند نەکردو گەڕاندییەوە بۆ پەرلەمان.

سەرۆکی هەرێم پێشنیازیکردووە کە مادەیەکی تایبەت بە کۆتا بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان دابنرێت، کە بەمشێوەیەیە:

(لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (٢) کورسی بۆ کلدان، سریان، ئاشوور)و (١) کورسی بۆ ئاشوورییەکان) لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر (٣ کورسی بۆ تورکمان‌و ٢ کورسی بۆ کلدان، سریان، ئاشوور) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ( ١ کورسی بۆ کلدان، سریان، ئاشوور)، دوای گفتوگۆکردنی پێشنیازەکانی سەرۆکی هەرێم، مادەکە پەسەند کرا.

## هەڵوێستی پەرلەمانتارانی بەرەی بەرژەوەندی گشتی

پەرلەمانی کوردستان لە (٦/٤)ەوە وادەی یاسایی بەسەرچووەو بەو هۆیەشەوە لە هەفتەی ڕابردوودا (٢٥) پەرلەمانتار یاداشتێکیان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە تێیدا داوایان کردبوو، لەم ماوەیەدا پەرلەمان هیچ یاسایەک دەرنەکات، هاوکات پەرلەمانتارانی بەرەی بەرژەوەندی گشتی بایکۆتی کۆبوونەوەکەی دوێنێی پەرلەمانیان کرد.

محەمەد ڕەفعەت، بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو ژمارەیەک پەرلەمانتار بایکۆتی دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانمان کرد، چونکە پەرلەمان هیچ شەرعیەتێکی یاسایی نەماوەو ئێمەش نامانەوێت بچینە پەرلەمانێکی بەسەرچووەوە.

وتیشی: «تێپەڕاندنی دەستوور بەو پەلەپەلییە کارێکی سەقەتەو داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم بێنە سەر جادەو دەست بدەنە خۆپیشاندان‌و مانگرتن لە دژی پەسەندکردنی دەستوور، هەروەها پێویستە هاوڵاتییانی کوردستان دەنگ بۆ دەستوورێک نەدەن، کە نەک خەڵک، بەڵکو بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمان دەستوورەکەیان نەبینیوە».

## دوێنێ دوا ڕەشنووسی دەستوور درایە ئەندامان

دوای تەواوبوونی دانیشتنی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی (٦/٢٢)ی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان (ماوەبەسەرچوو)، ئەندامانی پەرلەمانی ئاگادار کردەوە، کە دوا ڕەشنووسی دەستوور لە سندوقەکانیاندا دانراوەو لە ماوەی (٤٥) خولەکدا بیخوێننەوە، بەوەش بەرپرسانی پەرلەمان ڕووبەڕووی ڕەخنە کرانەوە.

لەو بارەیەوە پەرلەمانتار پەخشان زەنگەنە ڕایگەیاند: لە دانیشتنەکەی دوێنێدا دوا ڕەشنووسەکە گەیشتووەتە دەستم، لەکاتێکدا من‌و ئەندامانی لیژنەی دەستوور پێویستمان بە ماوەیەک هەیە بۆ ئەوەی بیخوێنینەوەو ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بین، چونکە «گۆڕانکارییەکی زۆری تێداکراوە، ناکرێت نەزانین گۆڕانکارییەکان چین».

بڕیارە سبەێنێ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی گفتوگۆکردنی پرۆژەیاسای دەستووری هەرێم کۆببێتەوە.



# ـــاداری گۆڕانکارییەکانی دەستوور نەبوون



ناکرێت شتەکان بڵاوبکرێنەوە.

تاریق سارمەمی ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی پەرلەمان بێئاگایی خۆی لەو ڕووەوە نیشانداو وتی: «من ئاگاداری سەردانی لەو شێوەیە نیم‌و لە پەرلەمانەوە ئەو جۆرە سەردانانە نەکراون».

## پاساوەکان بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستوور لاوازن

لەئێستادا تەنیا پارتی‌و یەکێتی دەیانەوێت بەهەر نرخێک بێت پرۆژەی دەستوور لەلایەن خەڵکەوە پەسەندبکرێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان لە بەرچاو ڕوون نییە، کە ئایا دەتوانن لە داهاتووشدا وەک خۆیان دەیانەوێت دەستوور پەسەند بکرێت، بۆیە پەلەیانەو دەیانەوێت دەستوور پەسەندبکرێت.

مەولود باوەمراد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەم ڕووەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەبێت ئەو لایەنەی کە دەیەوێت دەستوور بەڕێبکات پاساوەکان بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە، کە ئایا لەبەر چی دەیەوێ پەلە لە دەستوور بکات‌و بەلایەوە گرنگە دەستوور پەسەند بکرێت، بەڵام تائێستا پاساوە سیاسی‌و یاساییەکان بەو شێوەیە نەخراونەتە ڕوو تا خەڵک قەناعەتی بۆ دروست ببێت کە پێویستە دەستوور پەسەند بکرێت».

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێیوایە، کە ئەگەر پەسەندکردنی دەستوور بکەوێتە قۆناغێکی دیکەو گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکرێت، ئەوا ڕەنگە شتێکی باشتر بێت، چونکە گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە دەکرێت.

مەولود باوەمراد زیاتر وتی: «دەبێت پاساوە سیاسی‌و نیشتمانییەکان بخرێنەڕوو، ئەگەر پاساوەکان گونجاون، ئەوا خەڵک ڕەنگە دەنگی بۆ بدات، بەڵام بەبێ پاساو بخرێتە ڕاپرسییەوە، ئەوا کارێکی خراپە».

لەبارەی ئەوەی کە دەوترێت مادام هەڵبژاردن هەیەو پێویستە ڕاپرسیش ئەنجام بدرێت بەهۆی ئەوەی کە کارەکە ئاسان دەبێت ناوبراو ئەمە بە نوکتە دەزانێت‌و دەڵێت: «ئەوەی کە دەوترێت کە مادام هەڵبژاردن هاتووەتە پێشەوەو با ڕاپرسیش لەسەر دەستوور بکرێت، ئەوە زیاتر لە نوکتە دەچێت».

## جگە لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، کەسی دیکە دەستووری نەبینیوە

دوای ئەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی ئامادەکردو خرایە نێو جەماوەر بۆ ئەوەی خەڵک تێبینییەکانی خۆی لەبارەوە بخاتە ڕوو، دوای ئەوە لەلایەن هێزە سیاسییەکان‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵێک پێشنیارو تێبینی بۆ لیژنەکە ڕەوانە کراو لیژنەی دەستووریش هەستا بە تەعدیلکردنی ڕەشنووسی دەستوور لە دوای ئەم حاڵەتەوە تائێستا جگە لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم، هیچ کەسی دیکە ئەم پرۆژەیەی نەبینیوە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەبارەی ئەوەی، کە تائێستا پەرلەمانتاران دەستووریان نەبینیوەو دەیانەوێت دەنگیشی لەسەر بدرێت، وتی: «من نازانم ئەمەیان تاچەند وایە، بەڵام ئەگەر وابێت ئەوا شتێکی خراپەو نابێت بکرێت، ئەو لایەنەی کە دەیەوێت ڕاپرسی لەسەر دەستوور بکرێت ئەوە دەیەوێ تەنیا لەبەرئەوەی بیکەن بە دەستکەوتێکی ئەم پەرلەمانەی ئێستا، بۆیە پەلە دەکەن لە دەنگدان لەسەر دەستوور، لەسەر ئەوانیش پێویستە کە بۆمان ڕوون بکەنەوە، کە زەرووەرەتی دەنگدان بەو پەلە پەلییە بۆ چییە؟».

بەبڕوای مەولود باوەمراد، بەشدارینەکردنی ناوچە دابڕاوەکان لە ڕاپرسی دەستوور یەکێکە لە گرفتەکان‌و دەڵێت: «من نازانم سەرکردایەتی سیاسی چ وەڵامێکی پێیە بۆ ئەوان، کە ئەوان ناتوانن دەنگ لەسەر دەستوور بدەن دەبێت ئەمانە وەڵامی باشیان بۆی هەبێت».

---

# ئێمەو مالیکی



عەدنان عوسمان

ماوەیەکە لە هەندێک کەناڵەوە باس لە سەردانی بەرپرسی چوار حیزبەکەو هەندێک کەسایەتی دیکە بۆ لای «دولة» رئیس ئەلوزەرا نوری ئەلمالیکی دەکرێت، ئەوەش نەک وەک هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی ئاسایی، بەڵکو وەک جۆرێک لە تانەو تەشەردان‌و پیشاندانی ئەو یەکتربینینان (کە وەک بە وردی ئاگادارم هەندێکی زۆر دوورە لە ڕاستییەوە) وەک پیلانێکی نهێنی دژ بە ئەزموونی کوردستان‌و حکومەتی هەرێم پێشاندەدرێت.

بەرامبەر ئەم شێوازە دواکەوتووە، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان‌و شۆک دێت، کە کەسانێک هەبن ئاوا بێهیچ دڵەڕاوکێ‌و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیەک بەم شێوازە قێزەونە مامەڵە لەگەڵ نەیارەکانی خۆیاندا بکەن‌و هەموو جۆرە پەیوەندیەک لەدەرەوەی کوێخایەتی خۆیان بە خیانەت‌و پیلانگێڕان‌و دژایەتی هەرێم لەقەڵەم بدەن.

بەڵام با بەکورتی لێرەدا لەم ڕووەوە دوو خاڵ باس بکەین:

یەکەم: بەدەر لەوەی ئەو هەواڵانە ڕاست بن یا دروستکراو، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی کۆماری عێراقی «فیدراڵە»، کە دەکاتە سەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری ئەم وڵاتە (بەهەرێمی کوردستانیشەوە کە بەشێکی ئەم وڵاتەیە)و بە گوێرەی دەستووری عێراق خاوەن دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی بەرفراوانە، کابینەکەی مالیکیش لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق پێکهێنراوەو کوردیش کۆمەڵێک پۆستی گرنگی لەو کابینەیەدا هەیە، بە تایبەت جێگری سەرۆک وەزیران، بۆیە ئەگەر پەیوەندیکردن‌و بینین‌و دانیشتن لەگەڵ مالیکی، پیلان‌و نەشیاوبێت‌و درز دەخاتە ئەمنی قەومی کوردیەوە ئەوا ئەو مەنتقە کلۆڵە هەموو ئەندامە کوردەکانی کابینەکەش دەگرێتەوەو هەقوایە لە نزیکترین دەرفەتدا خۆیان لەو حکومەتە بکشێننەوە کە هەمیشە بە قەولی ئەوان لە خەمی پیلانگێڕانە دژ بە ئەزموونەکەمان.

«دولة» ئەلمالیکی تائێستا جێگای متمانەی ڕەهای سەرۆک کۆمارو بەرپرسە کوردەکانەو هیچ دەرفەتێک لەدەست نادەن بۆ پێداهەڵدان‌و باسکردنی کارامەیی ئەو زاتە، بۆیە دەبێ‌ت ئەم بان‌و دوو هەوایە چی بێت کە بۆ خۆیان هەر جۆرە پەیوەندییەک حەڵاڵ‌و بۆ خەڵکانی دیکە حەرام بێت بەتایبەت کە وەک وتمان ئەو کەسە بەرپرسی یەکەمی هێزی جێبەجێکارە لە عێراقداو ئەوەش بە ڕەزامەندی لایەنی کوردی بووەو لەوبارەوە ڕێککەوتنی چەند لایەنە هەیەو بەردەوام لە پاڕانەوەدان بۆ سەردانی مالیکی بۆ کوردستان. ئەگەر مالیکی ئەو کەسەیە کە مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دروست دەکات، ئەوا هەقوایە حکومەتی هەرێم ئەوە بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنێت خۆیشی یەکەم لایەن بێت کە هیچ جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ ئەو کابینەیە نەهێڵێتەوە، دواتر دەتوانن داوای هەمان هەڵوێست لە لایەنەکانی دیکە بکەن.

دووەم: دەسەڵاتدارانی هەرێم لە بری تۆمەت هەڵبەستن بۆ کەس‌و لایەنەکان، هەقوایە بیر لە بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆیی بکەنەوەو بە چاوێکی وردی ڕەخنەگرانە تەماشای هەموو ئەو کارە سلبیانە بکەن کە تائێستا لەسەری بەردەوامن؛ هەر لە یەکنەخستنەوەی کابینە بە شێوەیەکی ڕاستەقینەیی تا یەکنەخستنەوەی هێزە چەکدارو ئەمنیەکان‌و تێکدانی کەشوهەوای سیاسی کوردستان بە تۆمەت هەڵبەستن‌و تەشهیرکردن بەو لایەنانەی نایانەوێت چیتر لە ژێر مەرجەعیەتی نەزۆکی ئەواندا بمێننەوە.

کلتووری تیۆری پیلان‌و ترس لە دەرەوە بە شێوەیەک بناغەی لە نێو حیزب‌و نوخبەی سیاسی ئێمە داکوتاوە، کە ئەستەمە بەم عەقڵیەتەوە بتوانرێت هیچ هەنگاوێک بۆ بنیات نانی پەیوەندییەکی ئاسایی‌و تەندروست لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ خۆیاندا وەیا لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا بنرێت.

هێزی سیاسی ڕاستەقینەی پشتبەستوو بە جەماوەری خۆی، پێش ئەوەی بیر لە مەترسییەکانی دەرەوەو داتاشینی پیلانی وەهمی بکاتەوەو پێش ئەوەی وەک ڕابردوو هەمیشە شکستەکان‌و بێتوانایی خۆی بخاتە ئەستۆو سەر شانی کەس‌و لایەنی دیکەی سەر بە دەرەوە! هەنگاو بۆ بنیاتنانی بەرەی ناوخۆیی بەهێز دەکاتەوەو تۆوی متمانەو دۆستایەتی‌و یەکترقبوڵکردن بڵاو دەکاتەوەو هەموو لایەک ڕاپێچی ڕێزگرتن لە سەروەرییەکانی نیشتمان‌و سنوورو مافەکانی دەکات.

# پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو پیلان جێب

## ئەندامانی پەرلەمان کاتیان پێنەدرا پ

پشتیوان سەعدوڵڵا

پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا لە ڕۆژی (٧/٢٥) لە دەنگدانێکی نهێنی سەرتاسەریدا ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، کە هاوکاتە لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدایە پەرلەمان لە ڕووی یاساییەوە هیچ شەرعیەتێکی نەماوەو بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کردووە.

دوێنێ (٦/٢٢) پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی سازکرد، کە تایبەت بوو بە خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر چەند تەوەرێک، لەوانە (گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، تەوەری دووەم تایبەتبوو بە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێم، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە، خاڵی سێیەم بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، خاڵی چوارەم تایبەت بوو بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، تەوەری پێنجەم بریتی بوو لە خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی تێبینیەکانی سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای ژمارەی (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان.

### ٧/٢٥ دەستوور دەخرێتە دەنگدانەوە

لە کۆبوونەوەکەی دوێنێی پەرلەماندا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پەسەندکرد، کە لە (٧) مادە پێکهاتبوو، کەئەمە چەند مادەیەکی پرۆژەیاساکەیە:

مادەی یەکەم: مادەی شەشەم لە یاساکەدا هەموار دەکرێت بەمشێوەیە:

١/ پرۆژە دەستوور دەخرێتە بەر ڕاپرسی گشتیو دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان، لانیکەم بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان.

٢/ پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور لە ڕۆژی شەممە (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەنجامدەرێت بە دەنگدانێکی نهێنی ڕاستەوخۆو سەرتاسەریی.

٣/ ڕاپرسی بە ڕادەربڕین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە، ئایا تۆ ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە؟

مادەی دووەم: مادەی حەوتەم هەموار دەکرێتو بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە: (ژمارەیەکی بەرچاو لە پرۆژەی دەستووری پەسەندکراو لە پەرلەمان بەزمانە پەیڕەوکراوەکانی هەرێم کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی چاپدەکرێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم ڕاپرسی گشتی. ئەو مادەیەش پەسەند کرا.

لە بڕگەی دووەمی مادەی یەکەمی پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە: «پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور لە ڕۆژی شەممە (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەنجامدەرێت بە دەنگدانێکی نهێنی ڕاستەوخۆو سەرتاسەریی».

لەکاتی گفتوگۆکردنی مادەی یەکەمی پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئاماژەیان بەوە کرد، کە ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور کەمە.

پەخشان زەنگەنە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی: «هەرچەندە دەستوور زۆر دواکەوتووە، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی دەستوور ئاگاداری هەندێک لە گۆڕانکارییەکانی دوا ڕەشنووسی دەستوورەکە نیم، ئیتر نازانم چۆن (٧/٢٥) دەنگی لەسەر دەدرێت».

مەلا سەعدەدین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی سەوز وتی: «دەستوور مەسەلەیەکی هەستیارەو پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە، ئەوکاتەی پەرلەمان بۆ پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر دەستوور دیاریکردووە، کاتەکەی زۆر کورتە تا دەگاتە دەست هاوڵاتییان».

### بۆ دواجار سیستمی کۆتا دانرا

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٥/١١)دا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی پەسەندکردو لە (٥/٢٦)دا پەرلەمان یاساکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کرد، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی



## ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئاگ

ئیبراهیم عەلی

هەولێر

لە دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا زیاتر لە (٤٠) پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نەبوونو بەشێک لەو پەرلەمانتارانەشی کە ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان بوون پێیان نەوترابوو کە لە دانیشتنەکەدا باسی یاسای پەسەندکردنی دەستوور دەکرێت، ئەگەرنا بەشێکی دیکەشیان ئامادەی دانیشتنەکە نەدەبوون.

### بەرنامەی کاری پەرلەمان

لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسەند کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمو پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمو پرۆژەی هەموارکردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کرا، هەروەها خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی نارەزایی دەربڕینی سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای ژمارە چواری ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان.

### ڕێژەی کۆتا لە ئەنجومەنی پارێزگاکان

ڕۆمیۆ هەکاری ڕەخنەی لە لیژنەی یاسایی گرت بەوەی کە ناوی نەتەوەکەیان بەهەڵە دەنووسن لە یاساکانداو سەرۆکی پەرلەمانیش پشتگیری لە ڕەخنەکانی هەکاری کرد.

لە دانیشتنەکەی دوێنێدا پەرلەمانتار ئارێز عەبدوڵڵا پێیوابوو، کە ناکرێت بەو شێوەیە بە هۆی بوونی ڕێژەی کۆتا جیاکاری بکرێتو گوتی: «لیستی کۆتا ڕێگری لەوە دەکات، کە نەتەوەکانی دیکە ببنە ئەندام لە حیزبە کوردییەکان».

ئارێز عەبدوڵڵا داوای ئەوەی کرد، کە نەتەوەکانی دیکە دووجار دەنگ بدەن جارێک بۆ لیستەکانی کۆتاو جارێکی دیکەش بۆ لیستەکانی دیکە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە کە خەڵک دووجار دەنگ بدات، چونکە ناکرێت دووجار دەنگ بدات.

### هەموارکردنی پرۆژەیاسای پەسەندکردنی دەستوور

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، پێویستە بۆ ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستوور، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان (ماوەبەسەرچوو)، ئەوەی بۆ پەرلەمانتاران خستە ڕوو، کە بەهۆی ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادەکاریی بۆ ڕاپرسی دەستووریش کراوە، پەرلەمانتار مەلا سەعدەدین پێیوابوو، ناکرێت تەنیا لەبەر ئامادەکردنی چەند سندوقێک بۆ دەنگدان پەلە لە دەستوور بکەین.

پەرلەمانتار دلێر محەمەد لە هۆڵی پەرلەماندا ئەوەی خستە ڕوو، کە پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتی میللەت دەکەن، بەڵام دەستوور دەبێت گوزارشت لە هەموو کوردێک بکات، لەبەرئەوەی تەواوی کوردستانیان لەم هەڵبژاردنە ناتوانن بەشداری بکەن لەبەرئەوە پێویستە پەلەی لێ نەکرێتو بە کەموکوڕییەوە دەستوورەکە پەسەند نەکرێت.

بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران ئەوە قبوڵکرا کە لە ڕۆژی (٢٥)ی تەمموز دەنگ لەسەر دەستووری هەرێم بدرێت.



### گۆڕانکارییەکانی دەستوور

فرسەت ئەحمەد سەرۆکی لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی خستە ڕوو، کە دەستوور لە هەشت دەرگاو (١٢٢) مادەو دەرگاکانی دەستووریش پێکهاتوون لە بنەماگشتییەکانو مافە گشتییەکانو دەسەڵاتەکانی هەرێمو داواکاری گشتیو ئیدارە محەلیەکانو داراییو لێکدانەوەی دەستوور.

فرسەت ئەحمەد وتیشی: پێشەکی دەستوورەکە کورتکراوەتەوەو بەپێی دەستوور نابێت شوێنە ئایینیەکان بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربێتو نابێت حیزبەکان بەشێک بن لە حیزبێکی بیانیو دەبێت سەرچاوەی داراییان ئاشکرا بکەن.

پەرلەمانتار پەخشان زەنگەنە ڕەخنەی ئەوەی گرت، کە خۆی ئەندامی لێژنەی نووسینەوەی دەستوورە، بەڵام ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە نییە کە لە دەستووردا کراون، فرسەت ئەحمەدیش ئەوەی ڕەتکردەوە، کە زیادکردنی ئەو مادانەی کە پەیوەستن بە ئایینی ئیسلام لەسەر داوای حیزبەکانی کۆمەڵو یەکگرتوو زیاد کرابن.

### سەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵی ڕازیکردنی چوار حیزبەکە دەدات

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ماوەی چەند ڕۆژێکە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەی لە هەوڵی ڕازیکردنی چوار حیزبەکەدان بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێبهێنن تاکو ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستوور لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم ئەنجام بدرێت، لە نێو چوار حیزبەکەش سەرۆکایەتی پەرلەمان زیاتر هەوڵی ڕازیکردنی لایەنە ئیسلامیەکانی نێو لیستی چوار حیزبەکەدان، بەڵام تائێستا حیزبە ئیسلامیەکان نەگەیشتوونە بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەوەی کە ئایا دەستوور ڕەت بکەنەوە یا پشتگیریی بکەن.

سەرچاوەیەکی باڵا لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ تائێستا لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە گفتوگۆداین لەبارەی دەستوور بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کاری لەسەر بکرێتو بەبێ کەموکوڕیی بخرێتە دەنگدانەوە، ئەو سەرچاوەیە وتیشی: «تائێستا نەگەیشتووینەتە بڕیاری کۆتایی، کە ئایا ڕاپرسی لەسەر دەستوور ئەنجام بدرێت یا ڕەتی بکەینەوە».

ئەو سەرچاوەیە ئامادە نەبوو وردەکاریی زیاتر بخاتە ڕوو بەهۆی ئەوەی کە تائێستا ئەوان لە گفتوگۆدانو

# ـــاری خۆیان کردووە بۆ میللەت ئینجا چاوەڕێی ئەنجام دەکەن»

# ـــی دەگـۆڕێـــت؟



فۆتۆ: ژولی عەدنان

بکەین، دەبینین هەموو یەکلەدواییەک ڕێگرن لەو ساختەکاریانە، ئایا دەکرێت لەکوێ ساختەکاریی بکرێت؟ پێشتر لە ٢٠٠٥دا بنکەی فەرعی هەبوو، دواتر دەچووە پارێزگا، ئێستا ئەوە نەماوە، بنکە ڕاستەوخۆ دەچێتە پارێزگاو دەچێتە ناو داتابەیس، شتێکی دیکە ئەوەیە کە هەموو حیزبێکو لایەنێک دەتوانێت تۆماری دەنگدەران وەربگرێت، بۆئەوەی بزانێت چەند دەنگدەر لەکوێ هەیە، لەکوێ کەمەو لە کوێ زۆرە، بۆ نموونە لە سنووری هەموو سۆراندا (١٨٠) هەزار دەنگدەر هەیە، ئەی ئەگەر لە سۆران (٢٥٠) هەزار دەنگ هاتبوو، مانای وایە یاریی بە ئەنجامەکان کراوە، بۆیە پێموایە ئەو ڕێوشوێنانەی کە دانـراون، ڕێوشوێنی کۆنکرێتین بۆ ڕێگرتن لە کاری ساختەکاریی، لێرە ئەو ڕێویشوێنە ڕێگرە لەو ساختەکارییە، لە هەمووشی گرنگتر ئاستی هۆشیاریی تاکە، بۆئەوەی ڕێگانەدرێت یاریی بە دەنگی بکرێت، دەبێت زۆر هانی هاوڵاتییان بدەن بۆئەوەی بچن دەنگبدەن.

## دەنگدانی هێزە چەکدارەکان

دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم تائێستا یەکیان نەگرتووەتەوەو ئاسایشی سلێمانی، یەکێتی سەرپەرشتیدەکاتو ئاسایشی هەولێریش لەلایەن پارتییەوە بـەڕێـوەدەربـرێـت، لە پەرلەمانی کوردستان هیچ یاسایەک پەسەند نەکراوە بۆئەوەی ئەم دوو دەزگایە وەک دوو ئۆرگانی حکومیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ئەم دوو ئۆرگانە زیاتر وەک دوو ئۆرگانی حیزبی دەردەکـــەونو لەکاتی پێویستیشدا بۆ بەرژەوەندیی ئەم دوو حیزبە کاردەکەن، هێزی پێشمەرگەش تائێستا لەچوارچێوەیەکی یاساییدا ڕێکنەخراوەو هێشتا هەر میلیشیای حیزبینو ئـەو هێزانەو هێزەکانی تری چەکدار وەک پۆلیسو پاسەوانی سنوور (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئـەوان دەنگی خۆیان دەدەنو چاودێریی توندیشیان لەسەرە، کە بەوپێیەی ئەوان مووچەخۆری پارتیو یەکێتین، کەواتە دەبێت دەنگەکانیشیان بۆ بەرژەوەندیی ئەوان بێت، ئەگەری ئەوەش لەئارادایە هێزە چەکدارەکان لە ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا بێنەوەو بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەنو دووجار دەنگ بدەن.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەبارەی دەنگدانی تایبەتەوە کە دەوترێت ژمارەیەکی زۆر دەنگدەر هەیەو زیاد لە پێویست ناو نـووسـراوە، وتـی: «بەهۆی ئەوەی کە ناوی دەنگدەران هەڵەی زمانەوانی تێدابووە، بۆیە ناوەکانمان بۆ گەڕاندوونەتەوە بۆئەوەی چاکبکرێن، ئەگەر ئەو ناوانەیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەگەڕاندەوە، ئەوا ڕێگای دیکە دەگرینەبەر»، هەروەها سەبارەت بە دەنگدانی هێزە ئەمنییەکانو گومانی هەبوونی ساختەکارییو دووجار دەنگدان، هۆگر چەتۆ باس لەوەدەکات، کە کۆمسیۆن بۆ ئەم بابەتە کاریکردووەو ناوی ئەو هێزە ئەمنیانەی لە لیستی گشتیی دەنگدەراندا هێناوەتە دەرەوە «ئێستا دەنگوباسێکی دیکە هەیە کە کێشەی دەنگدانی هێزی سەربازییە، لە کوردستان بەپێی زانیارییەکان (٤٠٠) هەزار دەنگدەرن، باشە ئەوانە کە دەنگدەدەن پێشتر هەر هاوڵاتییە، واتا پێشتر وەک هاوڵاتی ناوی تۆمارکراوە، زۆر ئاساییە ئەو کەسانە جلی مەدەنی بکەنەبەرو بچن دەنگبدەن، واتا دەکاتە دووجار دەنگدان، بەڵام ئەمجارە کۆمسیۆن ڕێگایەکی تازە پەیڕەودەکات بۆ ئەو بابەتە، بۆ ئەمەش تۆمارێکی تایبەت دروستکراوە تایبەت بەو هێزە سەربازیانە، ئەو هێزانە ناویان لە تۆماری گشتیی هاوڵاتییاندا ڕەشکراوەتەوە، ئەمەش شتێکی گرنگە، چونکە بۆ زانیاریتان لە عێراق لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا، دەنگدەری سەربازیی کە زۆر لە هەرێم زیاترە، (٤٠٪)ی ئـەژمـار نـەکـرا، بەهۆی کەموکورتی لە پرۆسەکەدا».

## ئەو بەڵێنانەی کە جێبەجێ ناکرێن

وەک بەشێک لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو بەڵێنی جۆراوجۆر بە خەڵکی هەرێم دەدەن کە جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە لەئاستی مەحاڵ نزیکدەبێتەوە، بۆ نموونە بەڵێندان بۆ وەرگرتنی تەواوی دەرچووانی ئامادەیی، لە زانکۆکانی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا ئەمساڵ زیاتر لە (٦٧) هەزار قوتابی بەشداریان لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا کردووەو ساڵی پار ڕێژەی نیو هێندە بوو، ئینجا دە هەزار قوتابی نەتوانرا وەربگیرێن، ئەمساڵ ڕێژەکە دوو بەرابەرە، چۆن دەتوانرێت وەربگیرێن، نابێت ئەوەشمان بیربچێت ئەم بەڵێنەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دوای ئەوە هات کە دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە زۆرینەی گەنجانی هەرێم هەواداری لیستی گۆڕانو دەنـگ بە لیستەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی دەدەن. سەبارەت بە کۆی بەڵێنی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، بۆ یەکەمجارە تۆڕی شەمس وەک یەکێک لە هەنگاوەکانی چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکـات، چاودێریی ئەو بەڵێنانەش دەکات کە لەلایەن لیستەکانەوە بە هاوڵاتییان دەدرێتو دواتر لە ڕاپۆرتێکدا ئەو بەڵێنانە بڵاودەکەنەوە، وەک بەرپرسی تۆڕی شەمس دەڵێت، «یەکێک لەو هەنگاوەکانی کە ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کاری لەسەر دەکەین، چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنە، پاش ئەوەی هەندێک لە پارتە سیاسییەکان دەیبەنەوە لە هەڵبژاردندا، بەرنامەکانیان دەهێنین بەراوردی دەکەین ئاخۆ تا چەند ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش ڕاپۆرتی تایبەت دەردەکەین کە ئەنجامی بەڵێنەکانە».

## موزایەدەو ئەرکی حکومەت

بۆ پـڕکـردنـەوەی کەموکوڕییەکانی، حکومەتی هەرێم دەیەوێت ئەوەی بە (١٨) ساڵ بۆی جێبەجێنەکراوە، لەماوەی چەند مانگو هەفتەو ڕۆژێکدا بەڵێنی جێبەجێکردنی بدات، بۆ ئەمەش بە پاڵپشتی میدیای حیزبی ڕیکلامێکی گەورە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەم کارانە ئەرکی حکومەتنو ئەنجامنەدانی ئەم کارانە تائێستاو جێبەجێنەکردنی پرۆژەکانو تەواوی ئەو بەڵێنانەی کە لەماوەی ڕابـردوودا دراون، جێگای لێپێچینەوەیە لەوەی بۆچی لەم ماوە کەمەدا دەتوانرێت پرۆژەکان جێبەجێبکرێن، بەڵام ماوەی (١٨) ساڵە ئەم کارانە ناکرێن، تاڤگە محەمەد وەک ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە، ئەو پرۆژەو کارانەی ئێستا لەلایەن دەسەڵاتەو پێشکەش بە هاوڵاتییان دەکرێـت، «خیانەتکردنە لە داهاتی میللەت»و دەڵێت: دیارە حکومەت دەسەڵاتی هەبووە کە لە ڕابردوودا خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات، ئەی بۆ نەیکردووە؟ «دیارە ئەوە خیانەتکردنە لە داهاتی میللەت کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکات، ئەی چەندین ساڵە خەڵک داوای خزمەتگوزاریی دەکات بۆ ئەو خزمەتە نەدەکرا؟ ئایا ئەگەر ئەو خزمەتەی ئێستا دەکرێت لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی بکرایە، هیچ شوێنێک دەما خزمەتگوزاریی پێنەگات، بەداخەوە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن، پێشتر کاری خۆیان کردووە بۆ میللەت ئینجا چاوەڕێی ئەنجام دەکەن، نەک کاتی هەڵبژاردن».

### «مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی»

# وەبەرهێنانی بیانی، کەرتی پەروەردەی هەرێم داگیردەکات

ستارە عارف

بەپێی سیستمی جیهانی کە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا پەیڕەودەکرێت، خوێندن لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە هەتا ئامادەیی ئەرکی حکومەتی ئەو وڵاتە خۆیەتی وەبەرهێنانی تێدا بکاتو نابێت بدرێت بە وەبەرهێنەری وڵاتێکی دیکە کاری تێدا بکات، ئەمە لەکاتێدایە کە لە کوردستاندا چەندین باخچەی ساوایان هەتا قۆناغی ئامادەیی دراوەتـە دەست وەبەرهێنەرە بیانییەکان، شارەزایان وەبەرهێنان لە کەرتی پـــەروەردەدا بە نەرێیی دادەنێن.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە ڕۆژنامە لە بەڕێوەبەرێتی دواناوەندییە ئەهلییەکانی دیوانی وەزارەتی پەروەردە وەریگرتووە، لـە قۆناغی ئـامـادەیـیدا کـە لـە پۆلی یەکەمەوە هەتا دوانزە دەگرێتەوە، (٤) قوتابخانەی تورکی لە هەرێمدا هەن، (٢)یـان لە سلێمانیو (٢) لە هەولێرو یەک قوتابخانەی ئەمریکیش لە هەریەک لە شارەکانی سلێمانیو دهـۆک هەن، کردنەوەی دوو قوتابخانەی فەرەنسیش لە هەولێرو سلێمانی ڕاگـەیـەنـراوەو بەنیازن بەم نزیکانە قوتابخانەی ئەڵمانیش بکەنەوە، بـەڵام ئێستا وەک زمـان لە هەندێک قوتابخانەدا دەخوێنرێت، دانا محەمەد خدر، بەڕێوەبەری دواناوەندییە ئەهلییەکان، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو خوێندنگایانە ئەهلینو بە پارەیە.

هەرسێ کۆمپانیای فەزاڵەری تورکیو شۆیڤاتو میدیای ناوخۆیی، وەبەرهێنان لـەبـواری پـەروەردەیـیدا لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدەن کە لە باخچەی ساوایانەوە تا ئامادەیی دەگرێتەوە، کە تێیدا بە زمانی بیانی دەخوێنرێت.

لە بڕگەی دەیەمی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی ساڵی ٢٠٠٦دا هاتووە، کەرتی فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا لە چوارچێوەی سیاسەتی فێرکاریی لە هەرێمدایە.

بەوتەی شارەزایانو بەپێی سیستمی جیهانی، نابێت هەتا قۆناغی ئامادەیی، وڵاتێکی دیکە وەبەرهێنان لەو کەرتەدا بکات، بەوپێیەی عەقڵیەتو فەلسەفەی سیاسیو بیرو هزری ئەو وڵاتانە لە کوردستاندا پەرەدەسێنن، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، بەرپرسانی حکومیش پێیانوایە وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە وەبەرهێنانی پەروەردەیی لە باخچەی ساوایانەوە هەتا ئامادەیی بکاتو ئەو قوتابخانانەی کە دەکرێنەوە سەربەخۆنین، لـەبـواری کلتووریو کۆمەڵایەتییەوە وەزارەتـــی پـــەروەردە سەرپەرشتیان دەکـاتو هۆیەک دەبێت بۆئەوەی بواری ڕاهێنانی مامۆستایان توندوتۆڵترو لەڕووی زمانەوە سوودی دەبێت.

موسا محەمەد، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە لە وڵاتان وەبەرهێنان لەبواری کەرتی پەروەردەدا نادرێتە دەست وڵاتانی دەرەوە، بەڵام لە کوردستاندا لەم بوارەدا ڕێگا بە وڵاتان دراوە بێنو لـەم کـەرتـەدا کاربکەن، بەتایبەتی تورکیا، وتیشی: «بۆ وەبەرهێنە کوردەکان دەچنە دەرەوەو لە کوردستاندا قوتابخانەی کوردستانیو سەردەمیانە دروستناکەن کە کورد خاوەنی بێت نەک بیانی؟».

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سەلاحەدین نموونەی قوتابخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە سلێمانیو چەند شوێنێکی دیکەی لە کوردستان هێنایەوە، کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە هەتا ئامادەیی دراوە بە کۆمپانیای تورکیو بیانی خاوەنداریێتی دەکـەن، لەکاتێکدا کە نابێت تا قۆناغی ئامادەیی وڵاتێکی دیکە وەبەرهێنانی تێدا بکات، وتیشی: «عەقڵیەتو فەلسەفەی سیاسیو بیرو هـزری ئەو وڵاتانە لە کوردستاندا پـەرەدەسـێـنـن، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بە گشتیو ئاساییە کەسێکی بیانی بێتو (٢٠٠) کارگە دروستبکات، بەڵام نابێت پـەروەردە بدرێتە دەست وڵاتانی دیکەو دەبێت هەتا قۆناغی ئامادەیی، حکومەتی هەرێم یان سەرمایەداری کوردی ئەم کەرتە بەڕێوەبەرن».

بـەوتـەی مونیرە عوسمان عەلی، شارەزا لەبواری پەروەردەدا، وەبەرهێنانی پەروەردەیی بیانی زیانێکە بەر منداڵو هەرزەکار دەکەوێت کە لە وڵاتی خۆیدایە، بەڵام لە کلتووری خۆی دوورەو پێش ئاشنابوون بە کـلـتـووری خـۆی، بە کلتوورێکی دیکە ئاشنا دەبێت، لە قۆناغی دوای ئامادەییەوە ئاساییە، بە ڕۆژنامەشی ڕاگـەیـانـد: «وەبـەرهـێـنـان لـەبـواری پەروەردەیی لە باخچەی ساوایانەوە هەتا ئامادەیی مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییو پەروەردەییمان». چونکە منداڵ لە سەرەتاوە پێویستی بە ئاشنابوونو تێربوون بە کلتووری خـۆی هەیەو «پـەروەردەی بیانی کاریگەریی لەسەر دەروونو هەڵسوکەوتی منداڵ یان گەنج دەبێت».

لەبارەی بوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی بیانی لەبواری پەروەردەدا، ئـەو شـارەزایـەی بـواری پـەروەردە ئاشکرایکرد، کە ئەگەر وڵاتێک سیستمو یاسای تێدابێت، دەبێت خۆی سەرپەرشتی سیستمی پـەروەردەیـی بکات، بەڵام لە هەرێمدا یاسایەک نییە ڕێگریی لەوەبکات.

بـەڵام ڕای لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان، لەو پسپۆڕانە جیاوازەو ئەو هەنگاوە بە کارێکی ئاساییو یاسایی دەزانن.

پەرلەمانتار سۆزان شەهاب، بڕیاردەری لیژنەی پـەروەردەو خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان (ماوەبەسەرچوو)، ڕایگەیاند: لە چـوارچـێـوەی یاسایی وەبەرهێناندا بڕگەیەکی تێدایە کە تایبەتە بە وەبەرهێنان لە کەرتی پەروەردەدا، «ئەمە پێشکەوتنی نوێ لەڕووی زمانەوانییەوە دەهێنێتە کایەوەو وەبەرهێنانیش دەکەوێتە چـوارچـێـوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمەوە، واتە وەبەرهێن ئازادنییە لەوەی پرۆگرامێکی جیاواز بهێنێت، بەڵکو پابەندە بەو وەزارەتەوە کە پەیوەندی پێوە هەیە».

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە، ئەگەر کۆمەڵ لەڕووی پەروەردەو تەکنیکو فێرکردنەوە بگۆڕێتو پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، وەبەرهێنان لە سەرەتاییەوە هەتا ئامادەیی نادرێتە بیانی، لەگەڵ ئـەوەدا لە یاسای وەبەرهێناندا مەرج بۆ سوودوەرگرتن لە هێزی خۆماڵی دانــراوە، وتیشی: «کۆمپانیا شۆیڤات کە قوتابخانەیەکی حکومیی کردووەتەوە بێ بەرامبەرو بە مامۆستای خۆماڵیو عەقڵی بیانی کە زۆر سەرکەوتووە، ئەمە تێکەڵبوونی کلتورەکانەو دەبێت مەترسی چی لە تێکەڵبوونی کلتورەکان بکرێت».

وەرازەتـــی پـــەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە ئەم دۆسیەیە لەئەستۆدەگرێت، پاساو بۆ وەبەرهێنانی بیانی لەبواری پەروەردەدا دەهێنێتەوە.

دڵـشـاد عـەبـدولڕەحـمـان، وەزیـری پەروەردە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی یاسای وەزارەتـــی پـــەروەردە، وەزارەت بۆی هەیە وەبەرهێنانی پەروەردەیی لە باخچەی ساوایانەوە هەتا ئامادەیی بکاتو ئەو قوتابخانانەی دەکرێنەوە سەربەخۆنین، لـەبـواری کلتووریو کۆمەڵایەتییەوە وەزارەتـــی پـــەروەردە سەرپەرشتیان دەکاتو هۆیەکە بۆئەوەی بواری ڕاهێنانی مامۆستایان توندوتۆڵترو لەڕووی زمانەوە سوودی هەیە، سەدان وەبەرهێنی بیانی لە کوردستاندا کاردەکەن، ئەمانە پێویستیان بەوەیە کە نەوەیەک پێبگات لە کلتورو زمانی ئەو وڵاتانە شارەزابێت.

# «لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن، پێشتر کـ

# ئەم هەڵبژاردنە چـ



ئیبراهیم عەلی، ئارام شێخ وەسانی

## هەڵبژاردن، هەرێم دابەشی دوو بەرە دەكات

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە هەڵبژاردنی تەمموزی ئەمساڵ هەرێم دابەشی دوو بەرەی جیاواز دەکات، بەرەی یەکەمیان ئەو بەرەیەیە کە دەیەوێت ئەزموونی (١٨) ساڵی حوکمڕانیی پارتیو یەکێتی بـەردەوام بێت، ئەم بەرەیەش لیستی کوردستانیو لیستە سێبەرەکانی دیکەیان نوێنەرایەتیی دەکەن، بەرەی دووەمیان کار بۆ گۆڕانی سیستمی بەڕێوەبردنو گۆڕانکاریی لە ئەزموونی هەژدە ساڵی رابردوو دەکەن، کە ئەمەشیان چەند لیستێکی جیاواز نوێنەرایەتیی دەکەنو بەهێزترین لیستیش کە دەیانەوێت ئەم ئەرکە بەجێبهێنن، لیستی گـۆڕانو لیستی چوار حیزبەکەیە، چاوەڕێدەکرێت ململانێی ئەم دوو بەرە جیاوازە ململانێیەکی سەخت بەخۆیەوە ببینێتو گۆڕانی گەورە لە هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمدا بهێنێتە ئاراوە.

پەرلەمانتار تاڤگە مـحـەمـەد، باس لەوەدەکات؛ ئێستا هەرێم بەرەو دوو ئاراستە دەڕوات، سەبارەت بە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە هەڵبژاردنمان لەپێشە، هەموو لیستە بەشدارەکان مافی خۆیانە بانگەشە بۆ خۆیان بکەن، دیارە ئەو پرۆسەیەش لە ئێستادا دوو لایەنە، لایەنێک کە هەژدە ساڵی بەڕێوەبردنی دەسـەڵات لە کوردستانو لایەنێکیش بەرامبەرەکەیەتی کە دەیەوێت ئەو ئەزموونە بگۆڕێت، لایەنی دەسەڵات دەیەوێت ئەو خزمەتگوزاریانە بخاتەڕوو کە لەماوەی رابردوودا تائێستا پێشکەش بە خەڵک کراوە، لایەنەکی دیکە دەیەوێت وێڕای نکۆڵینەکردن لە هەندێک گۆڕانو پێشکەوتن بە بەراورد بە کاتی دەسەڵاتی بەعس، بەڵام ئەوە دەخاتەڕوو کە گۆڕانکارییەکان لەئاست داهاتو زەمینەی رەخساوی چەند ساڵی رابـردوو نەبوون. داواکارانی گۆڕانکاریی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێویستە دەسەڵات لە ڕێگایەکی ئاشتیانەوە چاکسازییو گۆڕانی تێدا بکرێت. «بۆ ئەو گۆڕانکاریانەش تەنیا سندوقەکانی دەنگدان پێوەرن، لەلایەکی دیکەوە، ئێستا بانگەشەی یەکسانی دابەشکردنی بودجە دەکرێت کە تەواو نزیکبووینەتەوە لە هەڵبژاردن، ئەوە لەکاتێدایە دەبـوو زۆر زووتـر کار لەسەر دابەشکردنو سەرفکردنی بودجە بکرایە».

## گۆڕان لە شێوازی تەوافوقی سیاسی

چاوەڕێدەکرێت یەکێک لە دەستکەوتەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی هەرێم بریتی بێت لە گۆڕانی شێوازی تەوافوقی سیاسی نێوان هێزە سیاسییەکان، هەرچەندە لە رابردوودا بەجۆرێک لە جۆرەکان تەوافوق لەنێوان هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی لەگەڵ ئەم حیزبانە هەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین تەوافوقەکانی رابردوو جۆرێک لە نابەرامبەری تێدا بووە بەوپێیەی جیاوازیی گەورە لەنێوان قەبارەی ئەم هێزانەدا هەبووە، ئەمە جگە لـەوەی بەشداریان پێنەکراوە لە پرسە گرنگەکانی هەرێمدا، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی نزیکی قەبارەی هێزو لیستە سەرەکییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، پێدەچێت تەوافوقی سیاسی گۆڕانی بەسەردا بێت.

تاڤگە محەمەد باس لەو پێشبینییە دەکات کە بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە، پەرلەمانی داهاتوو زۆر کاراتر دەبێت «بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی حەقیقی دەتوانرێت لە پەرلەمانی داهاتوودا فشار دروستبکرێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش حکومەت لە خەمی هاوڵاتییاندا بێت»، ئەو پەرلەمانتارە هیواخوازە «خەڵک لەکاتی دەنگداندا هەست بەوەبکات کە ئایا تەنیا لایەنێک لە پەرلەمان دەتوانێت خزمەت بکات یا بە بەشداری هەموو لایەنەکانو دەنگی جۆراوجۆر».

## گۆڕانی ئاشکرابوونی ئەنجامەکان

بابەتی سەرەکی ئەمڕۆی هەرێم ئەنجامدانی هەڵبژاردنە، دەبینین ئەمجارە بەر لە چەند مانگێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بابەتی هەڵبژاردن بووەتە بابەتی گفتوگۆی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێم، ئەمەش نیشانەی گرنگی هەڵبژاردنی ئەمجارەیە، ئەمە جگە لەوەی کە خەڵک دەیەوێت بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات.

کاریگەرنەبوونی هەڵبژاردنەکانی رابـردووی هەرێم لەسەر تاکی کـوردی، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لە هەرێمدا بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لای خەڵک ڕۆشن بوو، بەڵام ئەمجارەیان گۆڕانێکی ریشەیی هاتووەتە ئـاراوە ئەویش بەهۆی ئـەوەی کە لیستە جیاوازەکان رووبـەڕووی دابەشکردنی پێشوەختەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبنەوە، چاوەڕێدەکرێت بەشێک لە پلانەکانی پارتیو یەکێتی بۆ دابەشکردنی کورسییە پەرلەمانییەکان، گۆڕانی بەسەردابێت.

## ئەگەرەکانی ساختەکاریی

ئـەگـەری ئەنجامدانی ساختەکاریی لـە هـەڵـبـژاردنـی ئـەمـجـارەی پەرلەمانی کوردستاندا، یەکێکە لە مەسەلەکانی جێی سەرنجو ئامادەکاریی بۆ پێشپێگرتنی لەلایەن لیستەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی، کە بەهۆیەوە بتوانرێت گۆڕان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا بێتە ئـاراوە، لەبەر زۆریـی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنی رابـردووی پەرلەمانی عێراقدا، سێ پارێزگاکەی هەرێم لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە خرانە لیستی رەشەوە.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، رایگەیاند؛ میکانیزمەکانی ئـەوان ڕێـگـانـادات کە ساختەکاریی بکرێت لەو هەڵبژاردنەدا، وتی: «لە ڕۆژی هەڵبژاردندا سەدان چاودێری قەوارە سیاسییەکانو راگەیاندنکارانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چاودێریی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوانیش دەتوانن لە پێشێلکارییەکان ئاگادارمان بکەنەوە».

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەوان گومانیان لە هەر سندوقێک هەبێت، دەتوانن ئەو سندوقە بەتاڵبکەنەوەو دەنگەکانی حساب نەکرێت ئەگەر گومانی ساختەکاریی تێدابێت، هەروەها ناوبراو ئەوەشی ئاشکراکرد، کە ئەمجارە دەنگدەر ناتوانێت لە دوو شوێنی جیاواز دەنگ بداتو دەنگدەر تەنیا لەیەک بنکەی دەنگداندا ناوی هەیە، تەنیا دەتوانێت لەو بنکەیە دەنگ بدات.

فەرەج حەیدەری ئەوەی رەتکردەوە، کە کادیرەکانی کۆمسیۆن لەسەر بنەمای حیزبیی دیاریکرابن، وتـی: «ئێمە وەکـو خەڵکێکی سەربەخۆ ئەرکەکانمان رادەپەڕێنین»، بەڵام هۆگر چەتۆ، بەرپرسی ڕێکخراوی تۆری شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، لە دیداری پێشووتری رۆژنامەدا باس لەو گومانو ڕێگایانە دەکات کە دەبنە هۆکار بۆ ئەنجامدانی ساختەکارییو ڕێگریی لە ساختەکاریی، هۆگر دەڵێت: گەرەنتی بۆئەوەی یاریی بە سندوقەکان نەکرێت، بوونی چاودێری لایەنەکانە، ئەو چاودێرانە دەتوانن لەگەڵ سندوقەکاندابن تا سندوقەکان تەسلیم بە کۆمسیۆن دەکرێن، ئەگەر سەیری هەنگاوەکانی کۆمسیۆن

## تا کۆتایی ئەم مانگە، هێزەکان شارەکانو ناوچە ئاوەدانەکان جێدەهێڵن

# ئارامیو نائارامی، دواکشانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە

دلێر عەبدولخالق

لەدوای کشانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە لە شارو شەقامەکانی عێراقدا، چارەنووسی ئاسایشو ئەمنیەتی دانیشتووانی شارو شارۆچکەکانی ناوەڕاستو خـوارووی عێراق لەبەردەمی دووڕیانێکدا دەمێنێتەوە، یـان ئـەوەی هـێـزی ئەمنی عێراقی دەتوانێت دەستەبەری دۆخێکی ئارام بۆ هاوڵاتییان بکەن، یان بەپێچەوانەوە گروپە تیرۆریستییەکان چاوەڕێی کاتژمێری سفر دەکەن بۆ خولقاندنی دۆخێکی پڕاوپڕ لە توندوتیژییو نائارامی.

مـاوەیـەكـە هـێـرشو کـردەوە تیرۆریستییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا لە پەرەدەسەندندان، کە بەهۆیەوە چەندین هاوڵاتی برینداربوونو گیانیان لەدەستداوە، لەبەردەوامیی ئەو جۆرە هێرشانەداو بەپێی دوایین ئامارەکانی تەقینەوەکەی دوو ڕۆژ لەمەوبەری ناحیەی تازەی سەر بە پارێزگای کەرکوک، کوژراوو بریندارەکانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە گەیشتووەتە (٢٦٧) کەس.

هەفتەی رابردوو جگە لە ئەنجامدانی ئەو هێرشە «تیرۆریستانە»ی پارێزگای کەرکوک، چەند ناوچەکەیەکی دیکەش هێرشو جموجۆڵی «تیرۆریستی» بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە هێزەکانی فرەنەتەوە لە شارەکان بکشێنەوەو هێزەکانی عێراق ئەمنیەتی شـارەکـان بگرنە دەسـت، هاوکاتیش بەرپرسانی عێراق جەخت لەوەدەکەنەوە دەتـوانـن دوای کشانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە، ئەمنیەتی ناوچەکانی عێراق بپارێزن.

پێشتر جەواد بۆڵانی، وەزیری ناوخۆی عێراق، رایگەیاندبوو هەردوو وەزارەتی ناوخۆو بەرگری، ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ لەئەستۆگرتنی ئاسایشی عێراق دوای پاشەکشەی هێزەکانی فرەنەتەوە.

هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراقیش، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن بەڕێوەچوو، رایگەیاند: سـوپـای عـێـراق بەتواناو پێشکەوتووەو لەتوانایدا هەیە دوای کشانەوەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا، ئارامیو سەقامگیریی بۆ شارۆچکەکانی عـێـراق دابینبکات. زێـبـاری ئەوەشی راگەیاندبوو، گروپە چەکدارەکان ئێستا ڕۆژانە نزیکەی (١٠) هێرشو کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن، کە پێشتر دەگەیشتە (٣٠٠) کردەوە.

دەزگـای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە راستەوخۆ نـوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرپەرشتی دەکات، پلانێکی ستراتیژی داناوە بۆ لەناوبردنی تیرۆر، کە ماوەی (٥) ساڵ دەخایەنێت.

لیوا روکن تالیب کینایی، بەڕێوەبەری دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق، بە دەنگەکانی عێراقی راگەیاند: بەمەبەستی لەناوبردنی تیرۆرو بنبڕکردنی کردەوە تیرۆریستییەکان، پلانێکی ستراتیژیمان داناوە کە لەساڵی رابـردووەوە دەستی پێکراوەو تا ساڵی ٢٠١٣ دەخایەنێت، لەبواری ئاڵوگۆڕی زانیاریشدا هەماهەنگی هەیە لەنێوان عێراقو وڵاتانی دراوسێدا، بەڵام بۆ جێبەجێکردنو سەرکەوتنی ئەو پلانە ئەمنییە، پێویستمان بە هاوکاریکردنی زۆری تـەواوی وەزارەتـەکـانو وڵاتانی دراوسێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەیە.

بـەڕای چـاودێـران ئـەو لێدوانانەی بەرپرسانی باڵای عێراق لەمەڕ پاراستنی ئاسایشی عـێـراق، دوای کشانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە ئەوە ناگەیەنێت کە عێراق هیچ کێشەیەکی ئەمنی نەماوەو سوپای عێراق لەتوانایدا هەبێت زاڵبێت بەسەر تەوژمو کارە تیرۆریستییەکانی گروپە چەکدارەکاندا، لەو ڕوانگەیەشەوە تائێستا بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکیو بەشێک لە بەرپرسانی عێراقیش باس لە ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژییو مەترسی زۆر دەکەن لەدوای پاشەکشەی ئەو هێزانە.

ژەنـــەراڵ جـۆرج کەیسی سـەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمریکا، لە یەکێک لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکانیدا ئاماژە بە مەترسییەکانی دواکشانەوەی هێزەکانیان لە عـێـراق دەکـات، رایـگـەیـانـدووە، لە چوارچێوەی پابەندبوونی ئەمریکا بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژییو تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، سوپاکەیان بۆ مـاوەی دوو ساڵی دیکە لە عێراقو ئەفغانستان دەمێنێتەوە.

زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکانیش ئەوە ئاشکرادەکەن، پێدەچێت دواکشانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە لە شارەکانو ناوچە ئاوەدانەکان، گروپە چەکدارەکانی سوننەو ئەفسەرو پـلـەدارانـی رژێـمـی پێشوو هێرشبکەنە سەر دامەزراوەکانی حکومییو شەڕ هەڵبگیرسێنن.

بـەگـوێـرەی هەواڵێکی رۆژنـامـەی (شەرقولئەوسەت)ی چاپی لەندەنی، کە لە زاری یەکێک لە سەرکردەکانی گروپە چەکدارەکانی سوننەوە بڵاویکردووەتەوە، ئەو هێزانە خۆیان ئامادەکردووە هەر کاتێک هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە، ئەوان هێرشبکەنە سەر حکومەتو شەڕ هەڵگیرسێنن.

ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان واشنتۆنو بەغدا کە ساڵی رابردوو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەندکرا، بەپێی مـادەی (٢٤)ی ڕێککەوتننامەکە هێزەکانی فرەنەتەوە لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە ناوچە ئـاوەدانو شارەکانی عێراق دەکشێنەوە، لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)شدا سوپای ئەمریکا بەتەواویی لە عێراق دەکشێتەوە.

لەگەڵ نزیکبوونەوە لەوادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە عێراق جەخت لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە دەکاتەوە.

کریستۆڤەر هێڵ، باڵیۆزی ئەمریکا لـە عـێـراق، لەمیانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە واشنتۆن رایگەیاند: واشنتۆن سوورە لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەو ئەم مانگە یەکلایی کەرەوەیە بۆ کشانەوەی هێزە جەنگییەکانی ئەمریکا لە شارو شەقامەکانی عێراق.

بەبڕوای شارەزایەکی سەربازییو ئاسایشی نیشتمانی، بەکشانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە بۆشاییەکی گەورە لە مەیدانی ئەمنیو سەربازیی عێراقیدا دروستدەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش پێویستە هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی ئەو سوپایە چڕبکرێنەوەو هەماهەنگییەکانیان لەگەڵ گەلی عێراقدا زیادبکرێت.

لیوا سەروەر قادر، شارەزا لە کاروباری سەربازییو ئاسایشی نیشتمانی، بۆ ڕۆژنامەی روونکردەوە، ئەگەر سوپای عێراق وەک سوپایەکی یەکگرتوو هەماهەنگی لەگەڵ گەلی عێراقدا بکاتو سوپاکە لە دیاردەی گەندەڵی پاکبکرێتەوە، بەردەوامی بدرێت بە مەشقکردنیو وڵاتە دراوسێکان نەبنە هەڕەشە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان لە پشتگیرکردنی تیرۆرو تیرۆریستان، دەکرێت بڵێین ئەو هێزە دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

لەبارەی دروشمی هێزە چەکدارو گروپە تیرۆریستییەکان کە گوایە چالاکییەکانی ئەوان لە عێراقدا دژی هێزی داگیرکەرو سوپای ئەمریکایە، لیوا سـەروەر قادر دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی ئەو گروپانە ئەو دروشمەیان بـەرزکـردووەتـەوە، بەڵام پێموایە ئەو هێزانە دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکاش لەدژی هێزی بەرگریو ئەمنی عێراق دەوەستنەوەو پشتیوانیی لە قاعیدە دەکەن».

# کوردەکانی ئێرانیش هەڵوێست وەردەگرن

سۆران پالانی

نارەزایی‌و خۆپیشاندانەکان لە ئێراندا دژ بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، درێژەی هەیە، ئەمڕۆش دانیشتووانی ناوچە کوردییەکان بۆ پشتیوانیی لە خەڵکی نارازی‌و خۆپیشاندەرانی تاران بە مانگرتنێکی سەرتاسەری‌و داخستنی دوکان‌و بازاڕ، هاودەنگی‌و پشتیوانیی خۆیان لە لایەنگرانی ریفۆرمخوازەکان دەردەبڕن.

## موسەوی دەست هەڵناگرێت

میر حوسێن موسەوی، یەکێک لە کاندیدەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نارازییە، لە دوایەمین پەیامی خۆیدا بۆ لایەنگرانی، وەڵامی بەشێک لە قسەکانی عەلی خامنەیی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی دەداتەوە، وێڕای پێداگریی خۆی، ئامادەنییە دەست لە خۆپیشاندان هەڵبگرێت تا هەڵبژاردن نەکرێتەوەو دەڵێت: «دەست لە خۆپیشاندان هەڵناگرم تا شەهید دەبم».

## رەفسەنجانی کار بۆ لابردنی خامنەیی دەکات

دوابەدوای ئەو هێرشەی کە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لەلایەن مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆمارەوە کرایە سەر هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم‌و بنەماڵەکەی بە گەندەڵی تۆمەتباری کردن، لە نوێژی هەینی رابردوودا خامنەیی ئەو کارەی ئەحمەدی نەژادی بەرامبەر بە رەفسەنجانی بە هەڵە زانی‌و رەفسەنجانی بە کەسێکی پاک وەسفکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا وتی: «من لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی رەفسەنجانیدا نیم بۆ ئیدارەکردنی ئێران‌و پشتیوانی لە سیاسەتی سەرۆکی هەڵبژێردراو دەکەم».

لەلایەکی دیکەوە هێزە ئەمنییەکانی ئێران، فائیزەی کچی رەفسەنجانی چوار کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی رەفسەنجانیان دەستگیرکرد، هەروەها کوڕی ناوبراو لەدەست پۆلیس هەڵهاتووە، هەرچەندە فائیزە ئازادکراوە، بەڵام کێشەکانی نێوان رەفسەنجانی‌و خامنەیی روو لە ئاڵۆزییە.

بەپێی هەواڵێکی کەناڵی ئەلعەرەبییە، هاشمی رەفسەنجانی چەند رۆژێکە لە شاری قومەو خەریکی کۆبوونەوەیە لەگەڵ پیاوانی ئایینیی ئێراندا، بۆئەوەی بتوانێت لە رێگای مەجلیسی خوبرەگانەوە (ئەنجومەنی پسپۆڕانەوە)، عەلی خامنەیی لە پۆستی رابەرایەتی لابەرێت.

بەپێی هەواڵەکەی ئەو کەناڵە، هاشمی رەفسەنجانی توانیویەتی تائێستا زۆرێک لە پیاوە ئایینییە باڵادەستەکانی قوم کە رۆڵیان هەیە لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە، رازیبکات، لە هەوڵەکانیشی بەردەوامە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین پشتیوانیی بۆ لابردنی عەلی خامنەیی.

## ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو فەرەنسا نیگەرانن

هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو فەرەنسا نارەزایی خۆیان نیشاندا لەو مامەڵەیەی کە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران‌و خەڵکی نارازی سەرشەقامەکان دەکرێت، وێڕای مەحکومکردنی ئەو هەڵسوکەوتانە داوا لە بەرپرسانی ئێران دەکەن ئەو توندوتیژیانە رابگرن.

بەپێی راپۆرتی ماڵپەری بەشی فارسی کەناڵی (بی بی سی)، هەریەک لە ئەنگێلا مێرگل راوێژکاری ئەڵمانیا، فرانکۆ فراتینی وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا، بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، وێڕای مەحکومکردنی ئەو توندوتیژیانە، داوادەکەن کۆتایی بەو مامەڵەیە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بهێنرێت.

لەلای خۆشیەوە مەنوچەهری موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لەگەڵ باڵیۆزو نوێنەرانی هەندێک لە وڵاتان لە ئێراندا کۆبووەوە، وێڕای هێرشکردنە سەر حکومەتی بەریتانیا بەوەی کە ویستویەتی هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەکەدا نەهێڵێت خەڵک بەشداری بکات‌و ویستویەتی بارودۆخی هەڵبژاردن تێک بدات، هێرشیکردە سەر ئەڵمانیاو فەرەنسا بەوەی کە دەیانەوێت دەست لە کاروباری ئێران وەربدەن.

## داوای پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران دەکرێت

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان‌و دەربڕینی نارەزاییەکانی خەڵکی تاران کە تائێستا نزیکەی (٣٥) کەس کوژراون‌و زیاتر لە (١٠٠) کەس برینداروو ژمارەیەکی زۆریش دەستگیرکراون، خۆپیشاندەران لە دروشمەکانیاندا دەڵێن، «ئێمە پشتیوانیمان لە خەڵکی کوردستان دەوێت»، هەربۆیە لە سەرەتای خۆپیشادانەوە حکومەت بەشێوەیەکی گشتی ناوچە کوردییەکانی بە هێزی تایبەت کۆنترۆڵکردووە، سەرچاوەیەکیش لە کوردستانی ئێرانەوە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: دەوڵەت هێزێکی زۆری تایبەتی سوپای هێناوە بۆئەوەی رێ لە هەموو جموجۆڵێکی خەڵکی کوردستان بگرن، کە بۆ پشتیوانی لەو نارەزایی‌و خۆپیشاندانە بێنە سەر شەقامەکان، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی خەڵکی شاری سنەو شاری کرماشان هاتنە سەرشەقامەکان‌و پشتیوانیان لە خۆپیشاندەرانی تاران کرد، لە شاری کرماشان (٥) کەس کوژران‌و (٣) کەسیش لە هێزەکانی سوپا کوژران‌و خۆپیشاندانیش (٤) رۆژ درێژەی هەبوو.

هەر سەبارەت بەو خۆپیشاندان‌و نارەزاییەش لە سێیەم رۆژی خۆپیشاندانەکەدا عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکی گشتیدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بڕژێنە سەر شەقامەکان‌و هاوکاریی‌و پشتیوانیی لە خەڵکی تاران بکەن.

## ئەمڕۆ هاوڵاتیانی کوردستانی ئێران ماندەگرن

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە کوردستانی ئێرانەوە دەست رۆژنامە کەوتوون، بڕیارە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێراندا هاوڵاتییان دەستبدەنە مانگرتنێکی مەدەنیانەو دەیانەوێت بە داخستنی بازاڕو دوکانەکان، نارەزایی خۆیان دەربڕن‌و پشتیوانی لە خۆپیشاندەرانی سەر بە باڵی ریفۆرمخوازەکان بکەن.

لە بەیاننامەیەکی چالاکوانانی سیاسی‌و مەدەنی کوردستان‌و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاراندا هاتووە «داوادەکەین ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لە مانگرتنێکی سەرتاسەریدا، پشتیوانی‌و هاوپشتی خۆیان بۆ تێکۆشەرانی ئێران رابگەیەنین، لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوەو بە داخستنی بازاڕو دوکانەکان پشتیوانیی خۆیان دەرببڕن».

لەلایەکی دیکەشەوە رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا پشتیوانیی لەو مانگرتنە دەکات‌و داوا لە خەڵک دەکات بەشداری بکەن، لە بەیاننامەیەکی شورای هاوکاریی ریفۆرمخوازانی کوردیشدا هاتووە «ئێمە وەکو ریفۆرمخوازانی کورد داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین کە شێوەیەکی مەدەنیانە بۆ هاوپشتی‌و هاودەنگی، بۆ بەدیهێنانی مافی رەوا، ئەم مانگرتنە بەرەوپێشەوە بەرن».

لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و پارتی ئازادیی کوردستان، لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا وێڕای پشتیوانیی لەو مانگرتنە، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن کە بەشێوەیەکی گشتی بەشداری ئەو مانگرتنە بکەن‌و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی ئێران دەربڕن.


گرتەیەک لە خۆپیشاندانەکانی ئێران

# ئایەتوڵڵاکانی ئێران ناکۆکیان تێدەکەوێت

جەمال ئیختیار

ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە تەنیا لەچەند رۆژی رابردوودا زیاتر لە (١٠) کەس لە ئێران کوژراون‌و (١٠٠) کەسیش برینداربوون، کچی ئایەتوڵڵا هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری پێشووترو یەکێک لە رابەرە بەهێزەکانی ئێران دەستگیرکراوە، (میر حوسێن موسەویش) سوورە لەسەر هەڵوێستەکانی‌و ئامادەیی خۆی نیشانداوە گیانی ببەخشێت.

پێشتر میر حوسێن موسەوی، کاندیدی ریفۆرمخواز، رایگەیاندبوو، کە لایەنگرانی هێمنی بپارێزن لەپێناو پاراستنی خۆیاندا، بۆئەوەی نەکوژرێن کۆتایی بەو خۆپیشاندانانە بهێنن کە لەم دواییەدا بۆ نارەزایی دەربڕین لەئاکامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتە، تارانی پایتەخت‌و شارە گەورەکانی ئەو وڵاتەی گرتبووەوە، سەرەڕای بانگەوازەکەی موسەوی، نائارامیی‌و خۆپیشاندانەکان بەردەوامن.

سایتی کەناڵی (بی بی سی) لە تەلەفزیۆنی رەسمی ئێرانەوە بڵاویکردەوە کە زیاتر لە (١٠) کەس لە پێکدادانە تازەکان لەنێوان خۆپیشاندەران‌و پۆلیسی ئێراندا کوژراون، تەلەفزیۆنی رەسمی ئێرانیش ئەوانی بە تیرۆریست ناوبردووە، لەلایەکی دیکەوە پێنج ئەندامی بنەماڵەی عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، یەکێک لە ئایەتوڵڵا هەرە بەهێزەکانی ئێران لە خۆپیشاندانەکاندا گیراون.

بەپێی سەرچاوەکان حکومەتی ئێران داوایکردووە کە (جۆن لەین) پەیامنێری ئاژانسی (بی بی سی) ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێت، پێشتریش بە تۆمەتی ئەوەی کە هەواڵەکان بە نادروست دەگوازێتەوە، نووسینگەی تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبییە لە تاران تا ماوەیەکی نادیار داخراوە.

بەهۆی دوورخستنەوەی زۆربەی پەیامنێرەکانی ئاژانسە جیهانییەکان، ناتوانرێت نائارامییەکانی رۆژی شەممە پشتراست بکرێنەوە، لەوڕووەوە ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس بڵاویکردەوە، رۆژی یەکشەممە رۆژێکی ئارام بووەو هیچ کۆبوونەوەیەکی نارەزایی لە تاران نەبینراوە.

لە پەرەسەندنەکانی دیکەدا ئاژانسی رۆیتەرز رایگەیاندووە، مەرجەعی گەورەی ئێرانی، ئایەتوڵڵا مونتەزری «گەورە» کە پێشتر وادانرابوو دوای مردنی خومەینی جێگای ئەو بگرێتەوە، داوای سێ رۆژ ماتەمینی نەتەوەیی‌و گشتگیریی کردووە بۆ بەرز راگرتنی ئەوانەی کە لە خۆپیشاندانەکاندا کوژراون.

هاوکات فەرماندەی پۆلیسی ئێران، ئیسماعیل ئەحمەدی رایگەیاندووە، کە بە توندی بەرپەرچی هەرجۆرە خۆپیشاندانێکی نوێ دەدرێتەوە.

ئاژانسەکان باس لەوەدەکەن کە گفتوگۆیەکی توندو گەورە لەناو ئایەتوڵڵا دەسەڵاتدارەکانی ئێراندا دروستبووە، ئەگەرچی هەندێکیان بە ئاشکرا لێداوان نادەن، بەڵام لەپشتی پەردەوە راوەستاون‌و کاریگەریی زۆریان لەسەر رووداوەکان هەیە.

کەناڵی (بی بی سی) دەڵێت، رەفسەنجانی کە تائێستا بە ئاشکرا لەسەر رووداوەکانی ئەمدواییە لێدوانی نەداوە، دژی ئەحمەدی نەژادەو لەپشتی پەردەوە کاریگەریی زۆر هەیە، ئەحمەدی نەژاد پێشتر لە رووبەڕووبوونەوەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی رەفسەنجانی‌و زۆر کەسی دیکەی لە بەرپرسە باڵاکانی ئێرانی بەوە تۆمەتبارکردبوو کە گەندەڵن، ئەو مەسەلەیە بووەتە هۆی توڕەبوونی توندی رەفسەنجانی‌و لە کاردانەوەی ئەمەشدا ئەو لە هەموو پۆستەکانی‌و لەوانە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کشاوەتەوە.

چاودێران پێیانوایە، کە بەشێکی زۆری نائارامییەکانی ئەمدواییەو ململانێ لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بدرێت بە کێ، پەیوەندی بە ناکۆکی ناو باڵەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، لەکاتێکدا ئەحمەدی نەژاد تەواو گوێڕایەڵی رێبەری باڵا عەلی خامنەییە، بۆ هەندێکی دیکە لە ئایەتوڵڵا بەهێزەکان وەکو رەفسەنجانی پەسەند ناکرێت.

رۆژنامەی لوس ئانجلوس تایمز نووسیویەتی کە ناکۆکی نێوان ئایەتوڵڵا گەورەکانی ئێران پەرەدەسێنێت.

کوژرانی کچێکی لاو بەناوی نەدا کە لەگەڵ باوکیدا لە رێپێوانەکاندا بەشدارییکردووەو لەلایەن «بەسیجەکانەوە» کوژراوە، توڕەیی زۆری لەناو خەڵکدا دروستکردووە.

## «ساڵح موتڵەگو ئوسامە تکریتی لەپێشەوەن»

# مالیکی بەدوای سەرۆک کۆمارێکی عەرەبی سوننەدا دەگەڕێت

بەهادین یوسف

لەڕێی نزیکبوونەوە لە حیزبی ئیسلامیی عێراقو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کار بۆ ئەوە دەکات عەرەبێکی سوننە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق وەربگرێت لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا.

دوای دیاریکردنی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٠) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نوری مالیکی سەرۆکی حیزبی دەعوەی ئیسلامیو سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نوێدایە بۆ پێکهێنانی کوتلەیەکی بەهێز، بۆ ئەو مەبەستەش لە پەیوەندیدایە لەگەڵ حیزبی ئیسلامیو ئەنجومەنی باڵا تا لە هاوپەیمانێتی کوردستانیان دووربخاتەوە، لە بەرامبەردا کوتلەیەکی بەهێزی دوور لە ئینتیمای مەزهەبیو نەتەوەیی پێکبهێنێت.

سایتی ئیلاف لە راپۆرتێکی شیکاریدا بڵاویکردووەتەوە، کە مالیکی هەوڵدەدات لەگەڵ ژمارەیەک حیزبو کوتلەی دەرەوەی ئیئتیلافی شیعەکان هاوپەیمانی پێکبهێنێت، بەگوێرەی سەرچاوە نزیکەکان لە مالیکییەوە لە چەند رۆژی رابردوودا کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی سوننەدا ئەنجامداوە تا پشتگیریی بکەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نوێو دوور لە دابەشکاری تایفیو مەزهەبی، بۆ پۆستەکانی داهاتووی عێراق، بۆ ئەوەی خۆی وەک سەرۆک وەزیران بمێنێتەوەو کەسایەتییەکی سوننەش هەڵبژێردرێت بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق وەک بەدیلێک بۆ جەلال تاڵەبانی کە ئێستا سەرۆک کۆمارەو کوردە.

پاڵە باوانی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد کە نوری مالیکی لە هەوڵی بەردەوامدایەو لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیشدا بەڕوونی داوای دەکرد بەڕێوەبردنی عێراق لەسەر بنەمای دەوڵەتی یاساو لەسەر دەستووری عێراق بێت نەک تەوافوقی سیاسیی، بۆ ئەو مەبەستەش خۆی لە سوننەکانیش نزیککردەوە، وتیشی: «پێموایە ئەو دەنگانەی کە لیستی دەوڵەتی یاسا هێنای، دەرئەنجامی ئەو نزیکبوونەوەیە بووەو حیزبی دەعوە بەردەوامە لە خۆنزیککردنەوە لە کوتلە سوننەکان».

لە هەڵبژاردنی سەرەتای ئەمساڵی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، نوری مالیکی لیستی دەوڵەتی یاسای پێکهێناو لە زۆربەی پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراقدا زۆرینەی کورسییەکانی بردەوە، بەڕای چاودێران ئەمەش پاڵنەرێک بوو بۆئەوەی مالیکی هەوڵبدات بۆ هەڵبژاردنی گشتیی عێراقیش لەدەرەوەی لیستی ئیئتیلافی شیعە، هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی کوتلەی شیعەکان پێکبهێنێتو خۆی ببێتە هێزی یەکەمی خاوەن دەنگ لە عێراقدا.

ئەندامەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ئەوەی نەشاردەوە مالیکی هەوڵەکانی بەو مەبەستەیە کە پۆستی سەرۆک وەزیران بۆخۆی بمێنێتەوە، هەرچەندە پاش هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی تووشی پەراوێز بووەو ئەو هاوپەیمانێتییەیان لەگەڵ دەعوە گەرموگوڕ نییە، هەردوولا هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانیان باش بکەنەوەو هاوبەشییان وەک یەک بێت، سەرەڕای ئەمەش نوری مالیکی لە هەوڵدایە بۆئەوەی زۆرینە بهێنێت تا وەک کوتلەیەکی سەرەکی بمێنێتەوە لە پەرلەمانداو پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەدەست بهێنێتەوە.

باوانی پێیوایە «مالیکی رای گۆڕابێت لە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لە چوارچێوەی رێککەوتنی چوار قۆڵیداو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەمە یەکلایی دەکاتەوە کە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ کورد بمێنێتەوە یان نا؟ سەرۆک کۆمار بدرێتە سوننەکان، چونکە پێش ماوەیەک د.تارق هاشمی بڵاویکردەوە خۆی ئامادە دەکات بۆ سەرۆک کۆماریو بۆ ئەمەش وازی لە سەرۆکایەتیکردنی حیزبی ئیسلامیی عێراق هێنا».

مانگی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکدا ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامیی عێراق، تاریق هاشمی لە پۆستی ئەمینداری گشتیی حیزبەکە لابردو لەبری ئەو متمانەی بەخشییە ئوسامە تکریتی، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەکۆبوونەوەکەوە دزەی کردووەتە ناو راگەیاندنەکان، بەهۆی پابەندنەبوونی بە هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی دەعوەو دەستبەرداربوونی پارێزگاکانی کەرکوکو موسڵو هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورددا، ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامی، تارق هاشمیان لە پۆستەکەی لابردووەو لە بەرامبەردا لایەنی بەهێزی ناو ئەنجومەنی شورا، ئوسامە تکریتیان لا پەسەندبووە تا بتوانرێت بەوهۆیەوە پەیوەندییەکان لەگەڵ حیزبی دەعوە بەرەوپێش ببرێت، بەوپێیەی بگەڕێنەوە سەردەمی زێڕینی پەیوەندیان کە ئەوکات وەکو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێش ساڵی (٢٠٠٣) لە بەریتانیا لەنێوانیاندا هەبووەو پێکەوە کاریان کردووە.

پاڵە باوانی ئاماژەی بەوەشکرد، نوری مالیکی هەوڵیداوە حیزبی ئیسلامیو ئەنجومەنی باڵا لە هاوپەیمانی کورد دووربخاتەوەو بەردەوامیشە لە هەوڵەکانی، لەسەر ئەو بنەمایەش توانیویەتی پەیوەندی بکات بە هەندێک لایەنی بەعسییەکانەوە، بەڵام بەمدواییە پاشەکشەی کرد لەبەر باری ئەمنی، چونکە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچوون هەموو ئەو بەعسیانەی هاتوونەتە ناو وەزارەتی بەرگرییەوە، کارو کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن، بۆیە مالیکی لە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا پاشەکشەی کرد، ئێستا دەیەوێت ببێتە هاوپەیمان لەگەڵ حیزبی ئیسلامیو ئەگەر توانی ئەمە بکات، لەوباوەڕەدام پشت لە هاوپەیمانی کوردستان دەکاتو هاوپەیمانی چوارقۆڵی هەتاهەتایە نامێنێتەوەو پاش هەڵبژاردنەکان دووبارە بەو هاوپەیمانێتییەدا دەچێتەوە.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیەی سایتی ئیلاف پشتی پێبەستووە، حیزبی ئیسلامی یەکەم لایەنە کە مالیکی دەرگای هاوپەیمانی بۆ کردوونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی حیزبی ئیسلامی تائێستاش پێداگریی لە هاوپەیمانی لەگەڵ کوردو ئەنجومەنی باڵادا دەکات، لە چەند رۆژی رابردووشدا عەمار حەکیم، کوڕی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق، سەردانی ژمارەیەک بەرپرسو سەرکردەی حیزبی ئیسلامی کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەنێوانیاندا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، ئەمەش دوای بێئومێدبوونی عەبدولعەزیز حەکیم لە گەڕانەوەی نوری مالیکی بۆ ناو چوارچێوەی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی شیعە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی نێو ئیئتیلافی شیعەش، زۆربەی سەرکردەکانی ئەو لیستە لە هەوڵی رازیکردنی عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەدان، تا مالیکی رازی بکات لە چوارچێوەی ئیئتیلافەکەدا بمێنێتەوەو هاوپەیمانی لەدەرەوەی ئەو بازنەیە دروست نەکات، بەڵام تائێستا سیستانی ئەو هەوڵەی نەخستووەتەگەڕو لەوبارەیەوە لەگەڵ مالیکی قسەی نەکردووە.

پاڵە باوانی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، لەکاتی کۆبوونەوەکانی هەمووارکردنی دەستووریشدا، ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی پێشووتری کوتلەی تەوافوق، کە ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، لەهەوڵدا بوو دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار زیاتر بکات، ئەوەشی نەشاردەوە کە بەنیازن سەرۆک کۆماری داهاتووی عێراق بۆ عەرەبی سوننە بێت، نایانەوێت تەنیا دەسەڵاتێکی تەشریفاتی هەبێتو دەیانەوێت سەرۆک کۆماری داهاتوو دەسەڵاتێکی فراوانی هەبێت کە هاوتابێت لەگەڵ سەرۆک وەزیران، لەوبارەیەوە وتیشی: «حیزبی ئیسلامی لەمێژە هەوڵدەدەنو کار بۆ ئەوە دەکەن سەرۆک کۆمار بگەڕێتەوە بۆ سوننەکان، بۆئەوەی هاوسەنگی دروست ببێتەوە».

سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان هەفتەی رابردوو بڵاویانکردەوە، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق هاوپەیمانی لەگەڵ بەرەی دیالۆگی نیشتمانی ساڵح موتڵەگ کردووە لە هەر چوار پارێزگای (بەغدا، بابل، سەلاحەدینو دیالە)، دواتریش لیستی عێراقییەی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراقیش چووەتە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتییەوە.

بەوتەی ئەندامەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان «ئەگەر کورد بتوانێت لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوودا لیستی دووەم بێتو بەپێی بنەمای تەوافوق عێراق بەڕێوەببرێت، دەکرێت سەرۆک کۆمار کورد بێت، بەپێی ئەو هاوپەیمانییەی دەکرێت لەژێر رۆشنایی دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی هەڵبژاردندا، بەڵام ئەگەر کورد دەنگی زۆری نەهێناو نەبووە کوتلەی دووەم، باوەڕناکەم پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد بێت».

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکانی نزیک لە مالیکیشەوە بڵاوکراونەتەوە، هەریەکە لە ساڵح موتڵەگ سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی، ئوسامە تکریتی ئەمینداری گشتیی حیزبی ئیسلامیی عێراق، لەو کەسانەن کە بەلای مالیکییەوە پەسەندن کە هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا ببەستێت تا ببنە سەرۆک کۆماری داهاتووی عێراق.



مالیکی سەرۆکیی بۆخۆی دەوێت یان سەرۆکی دەوێت؟

# چاکسازیی چییە؟



خدر مەرەسەنە

لە گوتارەکانی پێشووماندا ئاماژەمان بە گەندەڵیی چەمکی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا کردو بەشێکی کەم لە خاڵە لاوازەکانی ئەوانمان دەستنیشانکرد، لەم بارەیەوە بە بڕوای من عەقڵیەتی سیاسیی بڕیـاردەرانـی حیزبیو حکومیی بەشی ئیـدارەکردنـی وڵاتو دەزگـا حیزبیو حکومییەکانی نەکردووە، لەمڕووەوە بە پێویستم زانی لێرەدا باسێک لە چەمکی چاکسازیی کە بەواتای بنبڕکردنی گەندەڵیو لابـردنـی سیستمی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتە، هەروەها بۆ هێنانی سیستمێکی نوێی پێشکەوتووانە لەبواری سیاسیو ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، کە لە ئیدارەی حیزبیو حکومییەکاندا دێنە بەرچاو، ئاماژەیان پێبکەین. لەڕاستیدا ئەو سیستمە کۆنە زیاتر لە (١٨) ساڵە باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشاوەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە مافەکانی خۆی دوور لە گـۆڕانو گەشەکردن هێشتووەتەوە، لەم گوتارەماندا هەموو ئەو چەمکانەی کە پەیوەندیان بە تێکۆشانی ڕەوتـی ریفۆرمەوە هەیە، کەم یان زۆر پەنجەیان بۆ درێژدەکەین، کە هەر هەموو ئەو دیاردە سیاسیو ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، تەندروستیو لەشساغی، تەنانەت لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا دکتۆرەکانو برینپێچو پزیشکیارەکانیش لە کۆڵانو شەقامەکانی شارو گوندەکانی کوردستان بە پیشەکانیانەوە بازرگانیی دەکەن، خەڵکی هەژار لە ڕێگای بە ڕواڵـەت لەشساغیو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان دەروتێننەوە! کە هەر هەمووی ئەو گەندەڵیانە لەژێر چەتری ئەو دەسەڵاتەدا ئەنجامدەدرێن، ئەوەش لەئاکامی ئەو دابونەریتە عەشیرەتگەرییە کە خۆی سەپاندووەتە سەر کۆمەڵگای کوردیو ئاسەواری لە ئازادییەکانو رادەربڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڕیوە. ئەم دیـاردە ناحەزو نادیموکراتیانەی کە لە دەروونو ئەخلاقی مرۆڤایەتی بەڕێوەبەرانی حیزبیو حکومیدا گەرای ناشتووە، بڕستو هەناسەی لە کۆمەڵگای کوردیو هەموو چینو توێژەکانی کوردستان بڕیوە، ئەم دیاردە ناشیرینانەش تەنیا لە ڕێگای تێکۆشانێکی ڕۆشەنگەریی بۆ گۆڕانکاریی لەو سیستمەدا دێتە ئەنجامدان، کە ئەویش بریتییە لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەو دەنگدانی خەڵک بە نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەوێدا نیازو ئاواتەکانیان دێنەدی، هەروەها لانیکەمی ئۆپۆزسیۆنێک لە پەرلەماندا دروستدەبێت کە بتوانێت وەک بەرهەڵستکار لە بەرامبەر گەندەڵچیاندارابوەستێت، بەمجۆرە نیازەکانی خەڵکی کوردستان کە بریتین لە: دابینکردنی ئاوو کارەبای شەوانەڕۆژی، خانووبەرەو ژینگە، کارو مووچە بۆ هەمووان، دانانی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریی بۆ شارو گوندەکان، وەک پرۆژە کشتوکاڵیو ئاژەڵدارییەکان بەشێوەی گشتگیرو مۆدێرن لە کوردستان، تاپۆکردنی موڵکو زەویو خانووبەرە لەسەر خەڵکی ئاساییو هەژاری کوردستان، ئەرکی ئەو دەسەڵاتە دەبێت کە جێی دەسەڵاتە کۆنەکە دەگرێتەوە. بەمجۆرە قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەروزیانانەی کە بەهۆی کۆچڕەوو ئەنفالو کیمیابارانو زیندەبەگۆڕ لەلایەن دوژمنانی کوردەوە لەسەر خەڵکی کورد بەڕێوەبراوە، زیانەکانیان کە بەهۆی هەڵەکانی ڕێبەرییەوە، پەیکەری خەڵکی کوردستان کەوتووە چارەسەرو تۆڵە دەکرێنەوە، هەروەها چاککردنی ڕێگاوبانو دامەزراندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانو دابینکردنی پێداویستییەکان بەگوێرەی پێویست بۆ قوتابیانو خوێندکاران، ڕێزگرتن لە مافەکانی ئافرەتانو ژنانو دابینکردنی پلەو مووچەی مانگانەیان بەبێ جیاوازیی لەگەڵ مووچەو پلەی پیاوان لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە کە خەڵک دەنگی پێداوە، دابین دەکرێت، لەپێش ئەوانەشەوە ئەرکی ئـەو دەسـەڵاتـە پێڕاگەیشتنە بە بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی کە لە سەنگەری بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەمان شـەهـیـدکـراون، لـەلایـەکـی دیکەشەوە پێڕاگەیشتن بـە پیروپەککەوتەکانو کەمئەندامانو پارێزگاریکردن لە منداڵانو ژینگە سروشتییەکانو نەهێشتنی دیاردەی سـواڵـکـردنو لەشفرۆشی، ئەرکی ئەو دەسەڵاتە دەبێت کە لە داهاتوودا حوکمی کوردستان بـەڕێـوە دەبـات، ئەگەرچی ئـەو ئەرکانەو ئەرکی سەرشانی ئەو دەسەڵاتە بوو کە ئێستا حوکم بەسەر کوردستاندا دەکـات، بەڵام ئـەوان لەبەر خۆدەوڵەمەندکردنو دەسەڵاتخوازی خۆیان نەیانتوانی ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێبگەیەنن؟!.

لە هەمانکاتیشدا نابێت لەبیرمان بچێت کە پرۆژەی چاکسازیی لە هەموو بوارەکاندا دەبێت بەشێوەی گشتگیرو لەپێناو گۆڕانێکی بنچینەیی پێشکەوتووانەی هەمەلایەنەو بۆ هەمووان بێت، تایبەت نەبێت بە بەرپرسانی حیـزبـەکـان، بـەمـجـۆرە گـەشـەکـردنو شەفافیەتدان بە کۆمەڵگای کوردی دەبێتە ئەرکی سەرشانی ئـەو دەسـەڵاتـەی کە حاکمییەت بەسەر کوردستاندا دەکـات، لەم پەیوەندییەدا دەسەڵاتی داهاتووی کوردستان بە ئاشکراکردنی داهـاتو هەزینەی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان، کاراییو خۆی بە دۆسـتو دوژمنان نیشانبدات، بەجۆرێک لە داهاتوودا داهاتی کوردستانو بەرهەمی خوێنی شەهیدان بەسەر هەموو خەڵکی کوردستاندا دابەش بکرێت کە ئەو جیاوازیانەی ئێستا هەیە لەنێوان خەڵکو دەسـەڵاتـدا نەمێنێتو بۆشاییەکان پڕبکرێنەوە، هەر لەو بوارەشدا پێویستە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازیی ئیرادەی سیاسیو فەلسەفەی ئایینیو ئایینزاکان، هەموو چینو توێژەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی بگرێتەوە، بەجۆرێک کە خەڵکی کوردستان لە دەسـەڵاتو حکومەت رازی بێت کە لە هەموولایەکەوە زوڵم لە کورد دەکرێت، خاشەبڕبکرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن خەڵکەوە دەنگی پێدەدرێت، دەبێت دووربێت لە هەبوونی پێگەو پلەوپایەی حیزبیو بەشێوەیەک رەفتار لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بکات، کە حکومەت لە خەڵکو خەڵک لە حکومەت بێت، هەروەک لە وڵاتانی ئەورووپایی پایەی حکومەت لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزراوە.

بەداخەوە ئەو دەسەڵاتەی کە ئێستا حوکمی کوردستان دەکـاتو هەزینەی کـوردسـتـان لـە حکومەتی نـاوەنـدی وەردەگرێت، بەشی زۆری ئەو هەزینەیە دەچێتە خەزێنەی حیزبەکانو بە خێری خۆشیان کەمێکی بەشی پەرلەمانو خەڵکی کوردستان لێدەدەن، کە ئەوە بەپێچەوانەی ئوسوڵو پرەنسیپەکانی دیموکراسیو ئەخلاقی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، لە سیستمێکی ئـەوتـۆدا مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر ناکرێت! لەم بوارەدا ئەرکی دەسەڵاتی داهاتوو، ریفۆرمخوازانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە گشتی ئەوەیە کارئاسانی بۆ قوتابیانو خوێندکارانی زانکۆکان بکەن، هەتا بتوانن لە ڕێگای درێـژەدان بە خوێندن، زانستە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەرنەسەرو شەفافیەت بە کۆمەڵگای کوردی بدەن، ئەوکاتە هەم نەتەوەی کورد دەتوانێت وەک نەتەوەکانی دیکەی دونیا بەبێ ترس لە دەرکردنو ڕاوەدونانو دوور لە هەر چەشنە چەوسانەوەیەک، لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆدا ژیان بکاتو هەم کۆمەڵگای کوردیش بچێتە نێو ریزی کۆمەڵگاکانی دیکەی دونیاوە.

بێگومان لە سیستمێکی ئەوتۆدا هەموو چینو توێژەکانی کوردستان بە گشتیو ئافرەتانو ژنـان بەتایبەتی لە هەموو بوارەکاندا دەتوانن بە مافەکانی خۆیان بگەن، ئەم جیاوازیانەی کە ئەمڕۆ لەناو دامودەزگا حیزبیو حکومییەکاندا هەیەو بۆشایی خستووەتە نێوان خەڵکو دەسەڵات، خاشەبڕبکرێت، لەمڕووەوەو بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە دەسەڵاتێکی نوێی رادیکاڵانەی دیموکراتیکی دادپەروەرانە هەیە کە لەوێدا هەموو مافەکانیان بۆ دابین دەکرێت.

ئەو دەسەڵاتەش دەبێت سەرچاوەی لە دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵابێـتو هەڵبژێردراوی ئەو خەڵکە بێتو دووربێت لە دەسەڵاتی تاکە حیزبیو تاکەکەسی، یان لانیکەمی ئۆپۆزسیۆنێک لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دروستدەبێت کە دەسەڵاتی دوو حیزبی نەتوانێت بەکەیفی خۆیو لە بەرژەوەندیی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی کورد بداتو بە قازانجی خۆیان دەست بەسەر داهاتی کوردستاندا بگرن، لەو نێوەشدا زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ژیانی پڕ لە نەهامەتیو نەداریدا ڕۆژگار تێپەڕبکات.

دەبێت ئەو ڕاستییەش قبوڵ بکەین کە بەبێ هەبوونی دیموکراسیو دەسەڵاتێکی دادپـەروەرانـە لە کوردستاندا، ئـاواتو ئامانجەکانی خێری هاوبەشی خەڵکی کوردستان نایەتەدی، لەمڕووەوە باشترین ڕێگا ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەنگی بڕواپێبوونی خۆیان بدەن بە نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، تا ئەوان بە کردەوە بتوانن چاکسازیی لە دەسەڵاتی گەندەڵیی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیی دوو حیزبی هاوپەیماندا بکەن، کە ئەویش بە پلەی یەکەم لانیکەمی ئەو دەسەڵاتەی کە دێـتو جێگاو شوێنی دەسەڵاتێکی گەندەڵ دەگرێتەوە، دەبێت باوەڕی قوڵی بە پرۆسەی ئازادییو دیموکراسیو یەکسانی لە مافو دادپەروەریی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی هەبێت، دووربێت لە دەسەڵاتی تاکحیزبیو تاکەکەسی یان چەند کەسی کە ئەمڕۆ ئەو دەسەڵاتە لە کوردستان خۆی سەپاندووەتە سەر کۆمەڵگای کوردیو بەشێوەی عەشیرەتگەریی، دەسـەڵات ڕەنێو دەهێنێت، ئیتر بەمجۆرە قەیرانەکان دێـنـە چـارەسـەرکـردنو دەسـەڵات لە کوردستان دەتوانێت ڕەوتی پێکەوەژیانو پێشکەوتووانەی خۆی بپێوێتو دەبێتە جێگای بڕواو متمانەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشوڕوتی کوردستان، بەمشێوەیە ڕەوتـی چاکسازیی لەم بزووتنەوەیەدا سەرکەوتوو دەبێت.

لە غەیری ئـەوەدا خەڵکی کورستان لـە بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانیان، ئەنفالو زیندەبەگۆڕکراوەکانیان، کۆڕەوو ئازارەکانیان، بەهرەمەند نابنو سەرئەنجام ناچاردەبن درێژە بە شۆڕشێکی سپی دیکە لە ڕێگای ڕۆشنگەرییەوە بدەنو لەپێناو بەدیهێنانی نیازو ئامانجەکانیاندا تێکۆشانێکی نوێ وەرڕێ بخەنەوە، کە ئەویش دیسان هەر هەڵبژاردنێکی ئازادانەو دیموکراتیانەو بێ فرتوفێڵو دوور لە هەڕەشەو توندوتیژیی دەسەڵاتە کە لە خەڵکی کوردستان دەکرێت، بێگومان لەو بـوارەشـدا لەپێش هەموو چینو توێژەکانی کوردستان، ئەرکی ڕووناکبیرانو نووسەرانو ڕۆژنامەوانانو سیاسەتوانان بە گشتیو ئافرەتانو ژنانە بەتایبەتی کە مافەکانیان پێشێلکراوە، بەکردەوە پشتی ئەو بزووتنەوەیە بگرن کە هەموو مافەکانیان لەوێدا مسۆگەر دەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کەسانەی کە لە ڕیزەکانی حیزبە کوردییەکاندا بە گشتیو لە (یەکێتی نیشتمانی)دا بەتایبەتی بڕوایان بە پرۆسەی چاکسازیی هەیە، بەڵام لە ترسی لێسەندنەوەی دەسەڵاتو پلەو پارە، خۆیان ئاشکراناکەن، بە بڕاوی من ئەو کەسانە بەرپرسیارێتیان لە هەر ئاستێکدا بێت، دڵ کەرۆیشکنو توانای خۆبەڕێوەبردنو لەسەر پێی خۆ ڕاوەستانیان نییەو ناشتوانن بوونی خۆیان لەنێو حیزبو کۆمەڵگادا بسەلمێنن، بێگومان ئەو کاسانە کوری ڕۆژنو ناشتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنو شەفافیەتدان بە دامـودەزگـا حیزبیو حکومییەکان هەبێت، لەمڕووەوە ئەوانە بە زیندوویی مردوونو کۆمەڵگاو مێژووش حسابیان لەسەرناکات!

# ژیانو هەڵوێست



عوسمان محەمەد

ژیان کۆمەڵە هەڵوێستێکە بە کردار، هەڵوەستەکردن بنەمایەکی پتەوی هەر کۆمەڵگایەکەو وەرچەرخانێکی گەورە دەخولقێنێت لە ژیاندا، کە گیانی هەڵوێستەکردن نەما لە هەر گەلێکدا، ئەوکاتە دەسەڵات بە وێنەیەکی ناشرین بە هەموو ماناکانییەوە ڕوودەکاتە نـاعـەدالـەتـیو هـەوری ڕەش باڵی دەکێشێت بەسەر وڵاتدا، بۆیە هەندێکجار مرۆڤ بە هاتنەپێشی ڕەوشێکی ناڕەوا لە کۆنەدۆستو هاوڕێی خۆی وەدەنگ دێـت، هەڵوێست وەردەگـرێـت، ئەم پاڵنەرە بەهێزە ویژدانە، بیروباوەڕە. بێهەڵوێستی سیفاتێکی کۆمەڵایەتیی خراپە هەندێک لە مرۆڤەکان تووشی بوون، کارێکی ئاسانیش نییە کە مرۆڤ لێی نەترسێت، گەلێکجار دەبێتە هۆی ئـازار بۆ مرۆڤاکان، ئـەم دیـاردەیـە هەلومەرجی ڕەخساوی کاتی خۆیو ڕۆژگاری خۆی هەیە.

«بـێـهـەڵـوێـسـتـەکـان تـەنـیـا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کاردەکەن، بەرد دەگرنە سـەرچـاوەی بەرژەوەندیی گشتی».

زۆرجـــار کەسێک یـان دەستەو گروپێک لەبەرئەوەی تاڕادەیەک مافی بەرجەستەکراوە، هیچ هەڵوێستێک لە بـەرژەوەنـدی گشتی نانوێنێتو دەسـتـدەگـرن بە کڵاوەکەیانەوە کە با نەیبات، ئەمە گەورەترین کێشەی تاکی کوردە لە دێرزەمانەوە تائێستا، پێموابێت تەنازولکردن بۆ برای خۆمان باشترە وەک بـۆ دەرەوەی بـرای خۆمان، گیانی قبوڵکردنی یەکمان نییە، کۆمەڵگای بەهەڵوێست دەتوانێت گەلێکی بەختیار بەرجەستە بکات، هەڵوێست بیر ئازادنەبن، بێگومان مرۆڤەکانیش نەبوونیان باشترەو بوونیشیان کۆیلەییە، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت فێڵ لە میللەتی هۆشیارو بەهەڵوێست بکاتو ئینتیمای ناوخۆیو دەرەکـی کزبکات، هەموو لایەک دەست لەسەر سنگ دەبن بۆی.

جێی گاڵتەجاڕییە هاوڵاتی ئەرکو مافی خۆی نەزانێتو دەنگی نەبێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، داکۆکی نەکردن لە مافی خود، گەلو نیشتمان، نیشانەی بێهەڵوێستییە، مرۆڤی هۆشیارو وریـا دەتوانێت هەڵوێستی هەبێت، کەسانێک مافی تاکەکەسی خۆیان نەزانن، ناتوانن هیچ هەڵوێستەیەکیان هەبێت، کۆنترۆڵی ژیانیان بەدەستی کەسانی دیکەوەیەو دواکـەوتـوو و ژێـردەسـتـەن، بـەڕای من «چۆنێتی پێکهێنانی هەر دەوڵەتو کۆمەڵگایەک، بە چۆنێتی بەرجەستەبوونی هۆشیاریو هەڵوێستی ئەو گەلەوە بەندە».

میللەتی بێهەڵوێست ناحەقی بە حەقو ناڕەوایی بە ڕەوا بۆ هەژماردەکرێت، لەگەڵ بێدەنگان نابێت هەردەم بێدەنگبین، ئـەوانـەی کە بێدەنگن بێهەڵوێستن لەبەر هەرهۆیەک بێت، هەندێک لە مرۆڤەکان جەوهەری ئازادیی هۆشیان لێ زەوتکراوە، یان لێسەنراوەتەوە، پێدەچێت ناخیان لە مادەیەکی سڕکراو ئاودرابێتو هیچ مانایەکی ڕاستەقینە بە ژیـان نابەخشنو بەپێچەوانەی گشت خەڵکەوە بیردەکەنەوە یان هەر ناپەسەندن، کۆمەڵگایان سەرقاڵکردووە، بەهاو ئاکارو بیرە جوانەکانیان لە مرۆڤایەتی تێکداوە، لێسەندووەتەوەو ناخیان تێکەڵەیەکە لـە ئەفسانە، سـەرچـاوەی هەموو ئـازارێـک، ناخ پیسیو بێهەڵوێستییە، هاوکات هەموو حەزو ئارەزوویەکی گەل زیندەبەچاڵ دەکەن، تەنیا عەودالی ماتریالینو بەس، لەوانەیە بە ئازادیش لەدایک نەبووبێتن تا بە سروشتیش ئازادبن.

پـەیـڕەوی ئـەوە دەکـەن کـە بێ خەمبە «خۆت خۆتی منیش هەرخۆتم»، ئـەم کەسانە یـاسـاو ڕێـسـاو بەها مرۆڤایەتییەکانیان وەلاوە ناوە، هەرگیز ناتوانن خۆیان خۆیانبنو خاوەنی هیچ نەخشەو ڕێبازێکی ڕاستگۆبن، هاتوونەتە کایەوە بۆئەوەی ڕەنجی خەڵک بە با بدەنو درێژە بە مێژووی ڕەشـی مرۆڤایەتی بـدەن، توانای بیرکردنەوەیان نییەو نایانەوێت بوونی تایبەتی خۆیانیان هەبێت، جگە لە بڕوایەکی پوچ، هیچیان بۆ مرۆڤایەتی نییەو تەنیا عەقڵیان لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە.

عەقڵو فەنتازیا هەریەکەو بۆخۆی ئازادە، ئەگەر لە مرۆڤێکدا یەکێکیان ئەوی دیکەی کۆنترۆڵ بکات، هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەشێوێنێت، ئەمجۆرە خەڵکانە دەستی کەسانی دیکە شێواندویانو کـردوویـانـن بە مرۆڤی نائاساییو پێویستیان بە گۆڕانکارییە فیکرییەکان هەیە، لە بێئاگایدا خەوتوون.

لەپێش هەموو شتێکەوە بوونی مرۆڤەو جەوهەر لـەدوای بوونەوە دێت، مرۆڤ لە زکماکەوە خاوەنی هیچ شتێک نییەو خۆی خۆی پێدەگەیەنێتو جەوهەری پێکدەهێنێت. بێدەربەستان کەسانێکن دژ بە عەقڵنو

لـەژێـر ئـاڵای سـەردەمـی نوێی مرۆڤایەتیدا ناژینو لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینەیان نییە بۆ وردو درشتی بیریان، زۆرجـار لـەڕووی سـۆزەوە دەڕواننە دۆخی خۆیانو نەتەوەکەیانو ئەو بەدبەختییەی بەسەریاندا سەپێنراوە، کۆمەڵگای لەمجۆرە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە، هەردەم چاوەڕێی فریادڕەسن، ئەوەندەی هیوایان بەوەبووە فریادڕەس کێشەکانیان چارەسەربکات، ئەوەندە هیوایان بەخۆیان نەبووە، بۆیە هاوکات کەسی هەڵوێستەکاریان دژ بەو دۆخە بە گێرەشێوێنو دەست لەپشت لەقەڵەمداوە.

## ١١ ساڵ ژیانی نەهامەتی

# ٣٥ خێزانی ئاوارەی شەڕی ناوخۆ لە ٣ خانوودان

سامان بەشارەتی

**زیاتر لە (٣٠) خێزانی ئاوارەی شەڕی ناوخۆ لە شاری هەولێر پێکەوە لە سێ خانووی حکومییدا ژیانێکی سەختو دژوار بەسەردەبەن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە (١١) ساڵە شەڕی ناوخۆ وەستاوە.**

**ئەمە لەکاتێکدایە کە لێپرسراوە باڵاکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو حکومەت جەخت لە باشکردنی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییانی کوردستانو زیانلێکەوتووانی شەڕی ناوخۆ دەکەنەوە، بەشێک لەو خێزانانەی نیشتەجێی ئەو سێ خانووەن، ئاماژە بەوەدەکەن کە دەیانجار سەردانی بەرپرسانی حیزبیو حکومیان کردووە، بۆئەوەی ئاوریان لێبدرێتەوەو لەو جێگا تەنگەبەرە دەرباز بکرێنو گوزەرانیان چاک بکرێت، بەڵام تائێستا هیچیان بۆ نەکراوە.**

خانووی ئەمین عامەکانی سەردەمی بەعسدا لە شاری هەولێر دەکەوێتە پشت شەقامی (٦٠) مەترییی، زۆربەی ئەو خانووانە بەهۆی گرنگی جێگاو زۆریی رووبەری زەوییەکانیانەوە لەلایەن بەرپرسانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، تەنیا ئەو سێ خانووە نەبێت کە خاوەنیان نادیارەو زیاتر لە (١٠) ساڵە ئەو خێزانە ئاوارانەی تێدا نیشتەجێن.

شیروان سدیق، لەگەڵ (٦) منداڵو هاوسەرەکەیدا لە تاکە ژوورێکی یەکێک لەو خانووانەدا ژیانێکی ناهەموار دەگوزەرێنێت، ئەو ئاوارەیەکی پارتییەو یەکێکە لە قوربانیانی شەڕی ناوخۆ، ئاماژەی بەوەشکرد، کە (١٢) ساڵە لە شەڕی ناوخۆوە ئاوارەی پارتییە لە شاری هەولێر، «لەوکاتەوە بەهۆی کەمدەرامەتیو هەژارییەوە نەمتوانی بچمە خانووی کرێوە، بۆیە ناچاربووم وەک هەندێک لەو خێزانانە بچمە ناو ژوورێکی یەکێک لەو خانووانە کە کاتی خۆی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دراوەتە ئەمین عامەکان».

ئەو ئاوارەیە باسی لە خراپیی گوزەرانی ئەو خێزانانەی نیشتەجێی خانووەکان کرد، وتیشی: «هەریەکێک لەم خانووانە زیاتر لە حەوت ژوورن، هەر ژوورێکیانماڵێکی تێدایەو هەندێکیش لە ژوورەکان گەورەنو کراوەتە دوو بەش بۆ دوو ماڵ، بە هەموو ئەو ماڵانەشەوە تەنیا یەک ئاودەست (WC)یان هەیە، ئەوانەش وایکردووە بەردەوام قەرەباڵغی بێتو ژیانێکی ناخۆش بەڕێبکەین».

هیوا نازم، یەکێکی دیکەیە لە ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ کە دانیشتووی ژوورێکە لە خانوویەکی ئەمین عامەکان، بەهەمانشێوە باسی خراپیی باری دەروونیو گوزەرانی خێزانەکانی نیشتەجێی ئەو خانووانە کرد، ئەو کە خاوەنی سێ منداڵە، وتی: «لە یەک خانوودا زیاتر لە (١٥) خێزان دەژین، ماڵیش هەیە هەشت سەرخێزانن لە یەک ژووردا دەژین کە جێگای دانیشتنو نووستنو میوانداریو خۆشتنیانە».

هەندێک لەو ئاوارانە رەخنەی ئەوە دەگرن کە تائێستا کارێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوەو ئەو بەڵێنانەی پێشتریش پێیاندراوە، جێبەجێنەکراون، جگە لەوەش قەرەبووکردنەوەی هەندێک لە هاوڵاتییانی نیشتەجێی سێ خانووی دیکە، خێزانەکانی دیکەی بێزارکردووە.

هیوا دەڵێت: «لەتەنیشت خانووەکانی ئێمەدا سێ خانوو هەبوو کە موڵکی سێ بەرپرسی باڵای یەکێتیو پارتی بوون، خانووەکانیان پێ چۆڵکردنو بڕی (٣٣) ملیۆن دینارو پارچەیەک زەویان پێدان بەبێ رەچاوکردنی سوودمەندی لە حکومەت، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێک لە ئێمەی نەپرسیوەتەوەو لەم بارودۆخە رزگارنەکراوین، ئەوەش لەبەرئەوەی کە خانووەکانی ئێمە ستراتیژی نین بۆیان»، ئەو هاوڵاتییە ئاوارەیە پێشیوایە هەرکەسێک راپۆرتێکی لەم شێوەیە لەسەر ژیانی ئەو کەسانە بخوێنێتەوە، بڕواناکات لە شاری هەولێردا هەبێت کە زیاتر لە (١٠) خێزان لە ماڵێکدا بژین، «بەڵام ئەوە گوزەرانی ئێمەی ئاوارەیە».

سەرباری خراپیی ئەو ژیانو بارودۆخە ئاڵۆزەیان، بەشێک لەو خێزانانە ئامادەنین قسە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن بکەن، یان داوادەکەن وتەکانیان بەبێ ناوهێنان بڵاوبکرێتەوە، ئەوەش بۆ خراپترنەبوونی ژیانیانو نەبڕینی مووچەکانیانە.

یەکێکی دیکە لە ئاوارەکانی نیشتەجێی ئەو خانووانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بۆئەوەی مووچەی پێشمەرگایەتییەکەی نەبڕدرێت کە بژێویی خۆیو (٨) منداڵەکەی لەسەرە، ئاماژە بەوەدەکات، کە رەشبینی بەرۆکی ماڵو منداڵەکانیانی گرتووەو هیچ هیوایەکیان بە ژیان نەماوە بۆ رزگاربوون لەو دۆخەی تێیکەوتوون.

ئەو رەخنە لە حکومەتو پارتی دەگرێت کە نەیانتوانیوە تائێستا هیچ خزمەتێک بەو خێزانانە بکەن کە ئاوارەی شارەکەن، وتیشی: «(١٢) ساڵە ئاوارەی پارتین لە شاری هەولێر، بەڵام پارتی بەم شێوەیە رێز لە وەفاکەمان دەگرێت، ئێمە منداڵەکانمان بێبەشکرد لە هەموو خۆشییەکی ژیان، بۆ بڕوابوون بە بەرنامەی حیزبێک، بەڵام ئەوە گوزەرانمانە لەکاتێکدا رۆژانە بە بەرچاومانەوە هەزاران کەس بەهۆی خزمخزمێنەوە پارەو زەوی وەردەگرنو سوودمەند دەبن لە حیزبو حکومەت، ئێمەش بە هەشت خێزان لە یەک خانوودا دەژین».

خێزانە ئاوارەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە نارەزاییو بێزاریان گەیشتووەتە لوتکە، ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەگەر حکومەت وەک رابردوو هیچ ئاورێکیان لێنەداتەوە، ناچاردەبن پەنا بۆ نارەزایی دیکەو خۆپیشاندان ببەن.

سۆران محەمەد، خاوەنی (٥) منداڵ، یەکێکی دیکەیە لەو ئاوارانەی کە (١٢) ساڵە لە ژوورێکدا بە کوڵەمەرگی ژیان بەسەردەبات، وتی: «بڕواناکەم ئێستا هیچ کەسێک مابێت ژیانی وەک ئێمە بەسەربەرێت، چەند جارێکیش چووینەتە لای بەرپرسانی حیزبیو حکومیی بۆ ئەوەی کارێکمان بۆ بکەنو لەم نەهامەتییە رزگارمان بکەن، هەمووکات بەڵێنمان پێدەدەن، بەڵام دواتر لەبیرمان دەکەن».

ئەو باسی لە خەمەکانیان کردو ئەوەی خستەڕوو کە هیچ خێزانێک نییە بە ئازادیی خۆی لەو خانووانەدا ژیان بەسەرببات و بژی، ئەوەش بەهۆی زۆریی ژمارەی خێزانەکانو نەبوونی جێگای شیاوەوە، «ئەم خێزانانە هەموویان خەڵکی هەژارن لێرەدا دەژین، ئەگەر خێزانێک بژێویی ژیانی تۆزێک باش بێت، لێرەدا ناژی».

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، لە پەیوەندییەکی رۆژنامەدا لەبارەی کێشەی ئەو خێزانە ئاوارانەوە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو خێزانانە ئاوارەی سیاسین کە پارتی یان یەکێتی بن، هەردوو حیزبەکە بەرپرسن لە بارودۆخو گوزەرانیانو هەر حیزبیش لەوشوێنەی داناون، ئەوەشی خستەڕوو، کە لە پارێزگاوە پێشنیازی ئەوەیان کردووە زەویان بۆ دابین بکرێتو وتی: «شوێنیان بۆ تەرخانکراوەو زەویان بۆ دابینکراوە، بەڵام ئاوارەکان ئامادە نەبوونو داوای قەرەبووی زیاتریان کردووە».

لەبارەی رەخنەی خێزانەکانو گلەییان لەوەی جیاکاریی لەنێوانیاندا کراوەو هەندێکیان جگە لە زەوی بە پارەش قەرەبوو کراونەتەوە، نەوزاد هادی وتی: «ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایەو لەوێوە بەو برە قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام ئێمە تەنیا دەتوانین ئەو پارچە زەویانەیان بۆ دابین بکەینو ئەوەش ئامادەیە، جگە لەوە ناتوانین هیچ برە پارەیەکیان بۆ سەرفبکەین».

**تێبینی: لەسەر داوای خۆیانو بەمەبەستی پاراستنی مووچەکانیان بەوپێیەی بەشێکیان ئێستاش پێشمەرگەی پارتین، ناوی ئاوارەکان خوازراون.**

**نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر:**

**ئەو خێزانانە ئاوارەی سیاسین کە پارتی یان یەکێتی بن، هەردوو حیزبەکە بەرپرسن لە بارودۆخو گوزەرانیانو هەر حیزبیش لەوشوێنەی داناون**



هەولێر، بەشێک لە خانووی ئەمین عامەکانی سەردەمی بەعس

# هەر گۆڕانێک بەویستی گەل بێت لە بەرژەوەندیی هەمووەمانە



نەجات ئەسپیندارەیی

هەستی بەرپرسیارێتیو سۆزی نەتەوایەتیو ئینتیمای نیشتمانی، بیروباوەڕێکی بەهێزی لای زۆرێک لە چینو توێژو تاکەکانی کۆمەڵگاکەماندا دروستکردووە بۆ گۆڕانێکی رادیکاڵی لە دەسەڵاتی کوردیدا، گۆڕانێک کە هەموو پێکهاتەکانی حکومەت بگرێتەوە لە پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێمو گشت دامودەزگاکانی دیکەدا، بێگومان ئەو گۆڕانە یاخود ئەو وەرچەرخانەش هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان بە خۆزگەو ئاواتەوە چاوەڕوانی دەکەن، بۆئەوەی دۆخێکی ئارام بێتەکایەوە کە هەموو تاکو گروپەکانی ناو کۆمەڵگا بێ ترسو لەرزو دوور لە هەموو فشارێک بژین، هەستبکەن کە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریانەوە دەستپێکردووە، بێگومان لەو چەند ساڵەی رابردوودا دەسەڵاتی کوردیو حیزبسالاری کلتوورێکی بەرهەمهێناوە کە هەستی بەرپرسیارێتی لەباربردووەو چەمکی (گوێ مەدەیە)ی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا بەرجەستەکردووە، ئەوەی تەماشای پرۆسەی سیاسی ئەم وڵاتە بکات بۆی دەردەکەوێت کە حیزب چۆن جڵەوی گرتووەتە دەستو بە ئارەزووی خۆیو بەپێی بەرژەوەندیی خۆی ئاراستەی دەکات، لە کۆمەڵگای حیزبسالاریدا هەموو مرۆڤەکان دەبێت چاو لەدەستی حیزب بکەن، بەڵکو شتێکیان پێببەخشێت، فەرمانبەر دەبێت دڵی حیزب رازی بکات، نەوەک فەسڵ بکرێت، قوتابی دەبێت دڵی حیزب خۆش بکات تا لە کۆلێژی باش وەربگیرێت، دەرچووی زانکۆ دەبێت دڵی حیزب خۆش بکات تا زوو دابمەزرێتو رەنجی چەند ساڵەی بەفیرۆنەچێت، ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە ئەمرۆ یان سبەی پێویستی پێیەتی، عەقڵی نوێو بیرکردنەوەی نوێیە کە بتوانێت پێداویستییەکانی ژیان بەرهەم بهێنێتو رەگو ریشەی گەندەڵی دەربهێنێت، بۆئەوەی ئاسۆیەکی نوێ بەرووی کۆمەڵگاکەماندا بکرێتەوە، ئێستا خەڵکی کوردستان بە هەموو چینو توێژەکانییەوە چاوەڕوانی گۆڕانێک دەکەن کە لە هەڵبژاردنی داهاتوو بێتەدی، بەڵام حیزبە گەورەکان زۆر بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕانی دەکەنو پێیانوایە هیچ گۆڕانێک لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە، بەڵام ئەم دڵەڕاوکێو مەترسییە لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە هەر گۆڕانێک بەویستی میللەت بێت، لە بەرژەوەندیی هەموواندایە، لە پرۆسەی دیموکراسیدا هەروایە یەکێک لەم قۆناغەدا شکست دەهێنێتو دەکەوێت، دەتوانێت لە قۆناغی داهاتوودا هەستێتەوە، ئەگەر چاو بەهەڵەکانی خۆیدا بخشێنێتەوەو خواروخێچییەکانی خۆی راستبکاتەوە، لە وڵاتانی خۆرئاواو لە وڵاتانی دەوروبەریشماندا ململانێی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا هەر وابووە، یەکێک ئەمرۆ دۆڕاندوویەتی، بەڵام سبەینێ بە گرۆتینێکی دیکەوە هاتووەتەوە مەیدان، هیوادارین لە وڵاتی ئێمەشدا پرۆسەی سیاسیو ململانێی حیزبایەتی بە ئاراستەیەکدا بڕوات کە رێڕەوێکی دیموکراسیانە وەرگرێت، ئەگەر حیزبێک یان لیستێک لە هەڵبژاردندا بەمەرامی خۆی نەگەیشتو تووشی دۆڕان هات، با نائومێدو هیوابڕ نەبێت، چونکە دەتوانێت جارێکی دیکە بە بەرنامەیەکی باشتر بێتەوە ناو پرۆسەکەو ئەمجارەیان گرەو بباتەوە، ئەگەر تەماشای حیزبی (دادوگەشەپێدان)ی تورکیا بکەین دەبینین لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دەنگی زۆریان هێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا دەنگەکانیان کەمبووە، کەچی لە یەکەم لێدوواندا سەرۆکی حیزبەکەو جێگرەکەی لۆمەی خۆیانو حیزبەکەی خۆیان کردو خۆیان بە تەمەڵو کەمتەرخەم زانی بەرامبەر بە میللەتەکەیان، کە ئەمە جەوهەری دیموکراسیەتە، بێگومان ئێمەش لە کوردستاندا ماوەیەکە خەون بە گۆڕانێکەوە دەبینین کە گۆڕان بەسەر عەقڵی بەستەڵۆکی کوردیدا بهێنێتو هەموو بەها بەرزەکان بۆ مرۆڤی کورد بگەڕێنێتەوە، ئەگەر ئەو گۆڕانە روونەدات، ئەزموونەکەمان دەچێتە دۆخێکی زیاتر چەقبەستوو و دۆگماوە کە ناتوانێت تەکانێک بەخۆی بدات، لەناو تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا هەندێک عەقڵ هەن کە هەمیشە دژی گۆڕانو تازەگەرینو لە هەمانکاتدا خۆشیان بە بەهرەمەند دەزانن، دەبێت ئەم عەقڵە نووستوانە جوڵە بکەنو لە پێستی خۆیان بێنە دەرەوەو تەماشای ئەزموونی گەلانی دەوروبەرمانو دنیای دەرەوە بکەنو سوودی لێوەرگرن، چونکە کۆمەڵگا ناتوانێت هەتاهەتایە باجی هەڵەی ئەو کەسانە بدات کە ناتوانن گۆڕان لەناخی خۆیاندا دروستبکەنو هەمیشەش رێگرن لەبەردەم گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، پێویستە عەقڵە بەستەڵۆکەکان جوڵە بکەنو رۆڵی چالاکانەی خۆیان ببینن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخدا.

# بۆچی هەموو خەڵک دەڵێن گۆڕان؟



فەرەیدون حەمەڕەشید

بۆچی هەموومان پێمان خۆشە هەڵبژاردن بکرێت، بۆچی لەناو پاسەکان، لە دوکانو شوێنە گشتییەکان، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە باس باسی گۆڕانکاریی دەسەڵاتو ئایندەی پەرلەمان دەکرێت؟

هەموو ئەم باسکردنو تەنگەتاویانەی گوێمانی پێ ژەنراوەو بووەتە قسەی سەرزمانی ژنانو پیاوانی بەساڵاچوو، خوێندکارو مامۆستا، کارمەندو پۆلیسو هێزی پێشمەرگە، واتە ئەم قەیرانە بووەتە دەردی گرانی تەواوی کۆمەڵگا، واتە کۆمەڵگای کوردستان شەکەت بووە لە نابەرابەری، لە گەندەڵی، لە بە تاڵانبردنی ماڵی گشتی، کۆمەڵگای کوردی دوای هەژدە ساڵ وەڵامی ئەوەی وەرگرتووەتەوە لە دەسەڵاتی هەرێمەکەی.. لەدوای هەژدە ساڵ لەو ئاڵوگۆڕە نەوعییەی لە دنیای دەوروبەرماندا روویداوە، نەیتوانیوەو نایەوێت لەگەڵ جەماوەر هەنگاو هەڵگرێت، بەڵکو بە بەردەوامی دیواری خۆجیاکردنەوەو جیاوازیی لەگەڵ جەماوەر بەرزو بەرزترکردووەتەوە.

لە ساتەوەختی قۆناغی هەژدە ساڵی دەسەڵاتی کوردیدا، بەعسو تالیبانەکان لە عێراقو ئەفغانستان کۆتاییان پێهات، لەناو رۆحی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەرەی ریفۆرمخوازەکان پەیدابوو، لە تورکیا پارتی دادوگەشەپێدان جێگای بە نەتەوەییو ژەنەراڵەکان لەقکرد. جەماوەری خەڵک لە کوردستان تەمەنای ئەوەیان نەکردووە ئەزموونی کوردی لە تەختو بەخت بێتە خوارەوە، بەڵام چاوەڕێی ژیانی باشترو بەرقەراری ئازادیی زیاتریان لە دەسەڵات هەبووە.

بەڵام بەپێچەوانەوە هەژدە ساڵ دەسەڵات لەناو بەستەڵەکی جیاکاریو حیزب حیزبێنەدا فارگۆنەکانی دەوڵەت بەدوای شەمەندەفەری دەسەڵاتدا کێشدەکات، لە دەرئەنجامی قوڵبونەوەی قەیرانی بێمتمانەیی نێوان دەسەڵاتو جەماوەر لە هەرساڵو وێستگەیەکی دواتردا، کۆمەڵێک لە خەڵکانی نارازی کوردستان بە دڵتەنگیو نەخوازراوەوە بەئەمری واقیعی حاڵ، بای بایو بێبەریبوونی خۆیان لە شەمەندەفەری دەسەڵات دەکەنو دەسەڵاتو حکومەت بەهی خۆیان نازانن، ئا لێرەوەیە نەهامەتیو نەگبەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەستپێدەکات، کە کورد گەورەترین قوربانیو بەشمەینەتی بۆ ئەگەری راپەڕینو هاتنەکایەی دەسەڵاتی کوردی کردووە، وەلێ نەیتوانی وەک تەمەناو تموحەکانی خۆی پاداشتی مافی هاوڵاتیبوون لە دەسەڵات وەربگرێتەوە.

لە بزیسکی یەکەم تەقەی شۆڕش لە ١٩٦١/٩/١١و هاتنی لیوا عەشەرین لەساڵی ١٩٦٣دا بە سەرکردایەتی تاوانباری جەنگ زەعیم سدیق بۆ کوردستان، خەڵکی کوردستان تا راپەڕین ماڵی دەسووتێتو دەڕوخێنرێتو ئاوارە بووە، کوڕە گەرمیانییەکان، خوشکەکانیان لە ئەنفال کردە قوربانیی بۆ شۆڕش، منداڵانێکی بێگەرد باوکەکانیان لە زیندانی هەتاهەتایی گیانی سپارد بۆ ئازادییو کوردایەتی، هەزاران خێزان کوڕەکانیان لە داستانی قارەمانیدا شەهیدکرا، هەموو خەڵکی کوردستان لە سەرەتای راپەڕیندا بەبێ مووچە ساڵانێکی درێژ ژیانو گوزەرانیان لەبەر مۆمو چرادا بە بەڵێو چەپڵەڕێزان بۆ دەسەڵاتی خۆماڵیو حکومەتی کوردی بەرێکرد، بەڵام بەدرێژایی ئەم قۆناغە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە شەفافو راستگۆو دیموکراسی بێت بۆ جەماوەرەکەی، نەیتوانیوە خۆی بکاتە ناو نەخشەو چوارچێوەیەکی سیاسیو ئیداریی کە گوزارشت بێت لە حکومەتی جەماوەرو خەڵک، کەواتە هەموو خەڵک لەسەر ئەوە هاوکۆو هاوڕان کە بەڕێژەی لەسەدا سفر دەسەڵات نەیویستووە گۆڕان بکات، تەنیا یاریکردن نەبێت بەداشی دامەی دەسەڵاتو گۆڕینی دەموچاوەکانی پیاوانی حیزبو حکومەت، نەک بیرکردنەوەو تێڕوانینی لۆژیک بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی قەیرانی نێوان دەسەڵاتو خەڵک، گوێنەگرتن لە جەماوەرو خۆجیاکردنەوە لە گەڵ بووەتە سیاسەتکردن لای دەسەڵاتی کوردی، کە ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی تەندروستو عەقڵی لۆژیکە.

هەژدە ساڵە دەسەڵات لە دەورانی حاکمیەتی شارو گەمەی بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتدا نەیتوانیوە وێنای راستگۆیی خۆی بۆ گەل پێناسەبکاتو شورای جەماوەریبوون بەدەوری پشتێنەی دەسەڵاتی خۆیدا بکێشێت، وەک جارانی کوڕی شاخو سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ نەیتوانیوە خۆی بکاتەوە بە کوڕی گەل، بۆیە دەکرێت ئێتر رێگاچارەکانی دیکە لەم هەڵبژاردنە تاقی بکرێتەوە، گۆڕانی سیاسی لە هەرەمی دەسەڵاتو کایەی سیاسەتکردن لە هەڵبژاردنی ئایندە دروستبکەینو هەنگاوی کارا بۆ گۆڕانی سیاسی هەڵهێنین، تا بتوانین ئەزموونی سیاسی کوردستان لەبەردەم تەمتومانی گەندەڵیو ناشەفافیەت بگوازینەوە بۆ فۆرمێکی دی لە سیاسەتی راستەوخۆی نێوان خەڵکو دەسەڵات.

> **دەکرێت ئێتر رێگاچارەکانی دیکە لەم هەڵبژاردنە تاقی بکرێتەوە، گۆڕانی سیاسی لە هەرەمی دەسەڵاتو کایەی سیاسەتکردن لە هەڵبژاردنی ئایندە دروستبکەینو هەنگاوی کارا بۆ گۆڕانی سیاسی هەڵهێنین، تا بتوانین ئەزموونی سیاسی کوردستان لەبەردەم تەمتومانی گەندەڵیو ناشەفافیەت بگوازینەوە بۆ فۆرمێکی دی لە سیاسەتی راستەوخۆی نێوان خەڵکو دەسەڵات**

faraidun_73@hotmail.com

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
adnan@rozhnama.com - ednan.rozhnama@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواررِیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# زەڕین..



پشکۆ ناکام

... دوورنییە لە پرۆسەیەکی گرنگو چارەنووسسازی وەک هەڵبژاردندا، دەسەڵات کاتێک کە هەستی بەوەکرد ئەو پرۆسەیە لە بەرژەوەندیی خۆیدا نییە، بۆ پەلاماردانی نەیارەکانی، ڕاگەیاندنێکی بێ (باڵانس) بگرێتەبەر، ڕەنگە بە نەیارەکانی بڵێتو تاوانباریان بکات بە درۆزن، هەلپەرست، مشەخۆر، چەواشەکار.. هتد، بەڵام کە کار گەیشتە ئەو ئاستەی دەسەڵات نەیارو لیستەکانی دیکەو ڕاگەیاندنە (غەیرە) حیزبییەکان بە (....) بشوبهێنێتو دەنگی لاکانو لیستەکانی بەرامبەر بە دەسەڵات بە (زەڕیـن) لەقەڵەمبدات، ئەوە نیشانەی کۆنترۆڵ لەدەستدانی دەسەڵاتە، نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵات لەترسی لەدەستدانی کورسییەکەی، تووشی چ حاڵەتێکی دەروونـیو سەرلێشێواویی خراپ بووە، ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئەوانەی پێیانخۆشە بەناوی دەسەڵاتەوە لەملاولا قسەبکەن، لەکاتی (تەنگانە)دا ڕووکەشە سیاسییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن، دەچنەوە کەسایەتی کارەکتەرە ڕەسەنە (شاردراوەکەی) خۆیان کە بەرامبەری خۆیان بەوجۆرە وشەو وەسفانە ناوبەرن...

لەم کاتەشدا لەبری (رقەبەرایەتی)، دەسـەڵات شایەتی بەزەیی پیاهاتنەوەیە تا ئەوکاتەی باری دەروونیو (وتەکان)ی دەگەڕێتەوە ئاستێکی تەندروستو شیاو بۆ ململانێی( هەڵبژاردن)، دەنا کەس ئامادەنییە ململانێی دەسەڵاتو قەوارەیەکی (نەخۆش) بکات کە کۆنترۆڵی بەسەر (زمان)ی خۆیدا نەبێت...

..... من بەش بەحاڵی خۆم ئەمە یەکەمجار نییە لەوجۆرە وەسفەی ئێستای دەسـەڵات ڕووبـەڕووم دەبێتەوە، چونکە سەبارەت بە (هەڵوێست)و بۆچوونەکانم لە ڕابردوودا چەند جارێک لەو وشانەی جۆری (....)و (زەڕین) کە ئێستا دەسەڵاتو قسەکەرەکانی بەکاردەهێنن، پێموتراوەو زۆریشو زۆرجاریش پێی پێکەنیوم...

– کاتی خۆی کە لەگەڵ (ئاڵای شۆڕش)دا بووم، لەوجۆرە وشانەو پێکەنیاویتریشم بیستووەو گوێم لێبووەو وتراوە، نەک هەر خۆم، بگرە هەموو هاوڕێیانی (ئاڵا) دوورنەبوون لەوجۆرە وەسفە جوانانەی (دەسەڵات)، هەرچەندە (زەڕین) لەچاو هەندێک پڕوپاگەندەی ئەخلاقیی دیکە (خوێی چێشتە)..

– کاتێک لە وڵاتـی سوید چەند بەرهەمێکی شانۆیی ڕەخنەگرانەمان پێشکەشکرد، بە (زەڕین) ڕازیبووین، کەچی دەسەڵات بەیاننامەیەکی دەرکردو ئێمەیان کرد بە (جاش)، کار گەیشتە ئەوەی کەلەشاعیرێکی!! گەلەکەمان، ئەو بەرهەمانە بە دەستەگوڵێک وەسف بکات کە لە «ئاودەست»دا دانرابن!!.. ئەمەش وایکرد ئیتر وردەوردە جۆرە (مەناعە)یەک بەرامبەر بە (شێکردنەوە عیلمیانە)یەکانی دەسەڵات پەیدابکەین..!!

– ئەمجارەش بە حوکمی ئەوەی هاوکارێکی (ڕۆژنامە)م، بەشێک لەو (زەڕین)ەم بەردەکەوێت، دەسەڵات دەنگی ناڕەزاییو قەڵەمی دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانو پەیامی چارەسەری باری نەهەمواری حوکمڕانیی هەرێم بە (زەڕین) دەشوبهێنێت.. دیارە بێدەنگیو ملکەچی بۆ دەسەڵات، (مەقام)و (بەستە)یە...

دەسەڵاتو ئەوانەی تامەزرۆن بەناوییەوە قسەبکەن، هەر جۆرە قسەو شیکردنەوەو ناولێنانێکی بەرامبەر، ئاستی باڵانسو کۆنترۆڵی خۆیان نیشاندەدا، لەدەستدانی (بەئاگابوون) لە قسەکردنو هەڵبژاردنی ڕستەو شێوازی شکاندنی بەرامبەرەکەت، وەک (تـا) سەرەتای نەخۆشییە، نەخۆشیی (عاشقبوونی کورسی)، نەخۆشی (ترس لە پاشەڕۆژ)، نەخۆشیی گەڕانەوە بۆ بنەما ڕەسەنەکانی کەسێتی، نەخۆشیی بێبڕوابوون لە توانای خود کە (دەسەڵاتدار) نەبیت.. نەخۆشیی ترس لە کەوتنەڕووی (ڕاستییەکان) لە ململانێی کەسو خەڵکانی دیکە...

– ئەوجۆرە قسانەی دەسەڵاتیش، سەلماندنێکە کە (تا)کەی دەسـەڵات زۆر بـەرزەو چارەسەریشی بە گەڕاندنەوەی بەئاگابوون (وعی) دەسەڵاتو قسەبێژەکانێتی!

– ئەمڕۆ داواکاریی (گـۆڕان) لە هەرێمی کوردستانو بۆ بەرژەوەندیی ئێستاو ئایندەی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە بە (زەڕین) لەقەڵەمدەدرێت.. ئەو دەنگو قەڵەمانەی دەیانەوێت هەوڵێک بدرێت بۆ هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی، بۆ دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بۆ ڕێگاگرتن لە دزینو لفلێدانی بودجەی کۆمەڵانی خەڵک، بۆ هێنانەکایەی پەرلەمانێکی بەدەسەڵاتو ئەکتیڤو لەسەر پێی خۆی وەستاو، بۆ بناغەدانانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ڕووەو پێشکەوتنە ئـابـووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگییەکان، بۆئەوەی چیتر تاکەکەسێک لەسەروو ئیرادەی هەموو خەڵکی کوردستانەوە نەبێت، بۆئەوەی چیتر دامودەزگا حیزبییەکان (بەعس)ئاسا، (تـاک)ی کورد لە (پاشکۆ)یەتی دەستبەسەر نەبێتو خۆی خاوەنی بڕیاری خوێندنو دامەزراندنو هەڵبژاردنی لیستی نزیک بە (بیرکردنەوەی) خۆی بێت.. دەسەڵات ئەو دەنگانە بە (زەڕین) دەشوبهێنێت..

خۆ ئەگەر ئەو دەنگو قەڵەمانە (زەڕین)بن، دەبێت لە هەر ساحەو باخچەیەکی هەرێم، پەیکەرێک بۆ (....) بکرێت تا (زەڕین) بکەوێتەوە یادی خەڵکو هەردەم خۆیان لەبەرچاوبێت، (گوێ)ش لە (زەڕین)ەکەی بگرن وەک سیمبولێک بۆئەوەی (دەسەڵات) دەنگی ئـازادو جیاواز، قەڵەمی (نەفرۆشراو) بە (زەڕیـن) دەشوبهێنێت...

دوورنییە دەسەڵات گلەیی ئەوە نەکات کە لە (دیموکراسی)دا، (زەڕین)یش جێی خۆی هەیە...

ئێمەش دەڵێین بەڵێ زەڕیـن لە فەرهەنگی دیموکراسی (بەیتەرە)دایە...

# کێ زامنکەرە!



ئەنوەر عەرەب

ئــەوەی ئـەمـڕۆ لــە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستاندا دەیبینین، لە گەمەی گەرمی نێوان لایەنەکان، کارو چالاکیان بۆ دۆزی کورد چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەم ڕەوشــەی ئێستای هەرێمی کوردستانو بوونی ئازادییو هەرێمی کوردستان،بەرهەمی ڕەنجی هەمووانە، لە هەمانکاتیشدا دەبێت خێروبێریشی بۆ هەمووان بێت، لە بەرامبەریشدا بەرپرسیارێتی پاراستنی ئەم ئەزموونە ڕوو لە هەموومان دەکات، هەمووشمان وەک تاکێکی کوردپەروەرو دڵسۆز بۆ خاکو نەتەوەکەیو دۆزە ڕەواکەی خەبات دەکەین، خۆمان بە زامنکەری ئــەو پاراستنو بەرپرسیارێتییە دەزانین، بۆیە نابێتو ناکرێت هیچ کەسو لایەنێک ئەو مافو ئەرکە بە تەنیا بۆخۆی قۆرخ بکاتو خۆی بە تەنیا زامنکەرو دڵسۆزی ئەم ئەزموونە بزانێت، خەباتو ماندووبوونی ئەوانی دیکە پوچەڵ بکاتەوە.

ئەمجۆرە لە عەقڵیەتە عەقڵیەتی خۆ بە تاک زانینو خۆ بە سەروەرکردنە، مەترسییەکی گەورەیە کە هەمیشە ناخی ســەرکــردەو حیزبەکانمانی تەنیوەو بووەتە بەربەستێک، لە ڕێگای گواستنەوەمان لە بیرو کلتووری خۆسەپاندنو دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی،لە دەسەڵاتی تاکگەرایانەو قبوڵنەکردنی ئەوی دی بۆ دەسەڵات بۆ هەمووانو باوەڕبوون بە فرەیی، ئاخر ئەوە فرەییو قبوڵکردنی ئەوی دی نییەو ڕێکردنی دیموکراسی نییە، ئەمڕۆ لە دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو مامەڵەو قسەو گردبوونەوەکانەوە دەیبیستین کە بە ئاشکرا سفرکردنی ئەوی دیو هەندێکجاریش ناوهێنانیان بە خائینو نەبوونو لاوازیی ئینتیمای نەتەوەیی، کە لەڕاستیدا ئەمانە تۆمەتبارکردنێکی بێ بنەمایانەیەو هیچی دیکە.

ئەمجۆرە لە مامەڵەو نووسینو ئاخاوتن لە گوفتارو مامەڵەی پارتیو یەکێتی بەتایبەتی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا، دەیبینینو دەیبیستین، بۆ نموونە د.ڕۆژ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لە کۆتایی وتارێکیدا لە ئاهەنگی ساڵیادی شۆڕشی گوڵان لە دهـۆک، کە کەناڵی کوردستان پەخشی کـرد، ئاماژەی بـەوەدا کە لیستی کوردستانی تاکە زامنی پاراستنی ئەزموونی کوردستانو ئەم ئەزموونەیە، ئەمجۆرە گوزارشتو دەربڕینانە دڵنیامان دەکاتەوەتائێستاش سەرانی ئەم دوو حیزبە تەنیا خۆیان بە کوردستانو کوڕی ئەم نیشتمانە دەزانن، تەنیا باوەڕیان بە خۆیان هەیەو هەر ئەمجۆرە لێدوانانەش پێمان دەڵێن ئەوەی ئێستاش ڕێبەری عەقڵی ئەوان دەکات، بیری تاکگەراییو باوەڕبوونە بە حوکمی تاکگەرایانە.


پێویستە هەموو لایەنو دەستەیەک بزانێت هەمووان پێکەوە زامنکەری ئەو دەستکەوتو ئەزموونەن، هەمووشیان پێکەوە دەتوانن مەترسیبن، بۆیە دەبوو د.ڕۆژ خۆیان وەک بەشێک لەو زامنکردنە بزانیایە نەک قۆرخو سنووردارێکیان بکردایە لە چوارچێوەی خۆیاندا، باشتروایە بۆ هەر قسەو گوفتارێکمان ئاوڕ لە ڕابردوومان بـدەیـنـەوەو لـەگـەڵ ناوهێنانی باشەکاندا هەڵەو کەموکورتییەکانمان لەبەرچاوبێت، خۆ هێشتا تینی شەڕی نـاوخـۆی نـێـوان یەکێتیو پارتی ساردنەبووەتەوە، ئەو مەترسیانەی لـەو شــەڕە کەوتوونەتەوە هێشتا سارێژ نەبوون، ئاسەوارەکانی پەڵەن بە ناوچاومانەوەو چەندینجار ئەو دوو حیزبە گەورەترین مەترسی بوون بۆ لە بارچوونو لەدەستدانی ئەم ئەزموونو ئارامیەی هەرێمی کوردستان، نەک زامنکردنی، وەک لە سیویەکی ئابدا ڕوویدا، کە تاریق عەزیز لە دادگایکردنەکەیدا وتی: «ئێوە خۆتان ئێمەتان بانگکرد، ئێمەش بۆ یارمەتیتان هاتین»، هەروەها هێنانی پاسدارو جەندرمەی دەوڵەتانی دراوسێ ئەمە ســەرەڕای بەفیڕۆدانی ئەو هەموو پارەو سامانەی کە لە لایەن ئەم دوو حیزبەو بەرپرسەکانیانەوە مۆڵدراوە، پارەکانیش ڕەوانەی بانکەکانی دەرەوە دەکرێت، بوونی ئەو هەموو کۆمپانیا زەبەلاحانەی کە حیزب بەڕێوەیان دەبـات کە بەشێکە لە هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری، هەروەها ئەو هەموو گەندەڵیو ڕۆتینەی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی تەنیوەتەوە، بە ئاشکراش هەست بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی حیزب لە حکومەتدا دەکرێت، پەرلەمانێکی ناکارامان هەیە کە چەندینجار بڕیارو یاسا دەردەکات، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبێک نایەتەوە جێبەجێ ناکرێن، هەروەها عوسمان بانیمارانی،ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە دیارێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەی بـەوەدا کە یەکگرتنەوەی حکومەت شتێکی ڕەمزییەو تەنیا وەزیرەکان یەکن، لە بەڕێوەبەری گشتی تا بچووکترین دامـودەزگـا هــەروەک ستایلە کۆنەکەی دوو ئیدارەییەکەیە، خۆ ئەوە لە وەزارەتی دارایی مەپرسە کە یەکگرتنەوەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەواندا بووەتە خەونێکی حەتمی، تائێستاش بودجەی هەرێم لەنێوان خۆیاندا بەشدەکەن، گەورەترین گرفتەکەتائێستاخەملاندنو تەسفیەی حساباتی بودجە نەچووەتە پەرلەمانو بیانووی جۆراوجۆری بۆ دەهێنرێتەوە، پەرلەمانیش وەک خۆی ناتوانێت لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکات، ئەمە جگە لەو پارە زۆرەی لە گومرگەوە چووەتە قاسەی حیزبەکانەوە.

ئەمانەی ئاماژەمان پێدان نەک ناکاتە زامـنـی دەستکەوتەکانو پاراستنی ئەزموون، بەڵکو ئەو دوو حیزبە دەخاتە بـەردەم پرسیاری ئەوەی کە داخۆ ئەوان بەشێک نین لەو مەترسییەی لەسەر ئەم ئەزموونە هەیە، لە زامنکەرەوە نایانکاتە فەوتێنەرو بەربەستبوون لەبەردەم هێنانەکایەی حکومەتێکی کـاراو چەسپاو بە بنەماکانی دیموکراسیو دەستوورو پەرلەمانێکی ئەکتیڤ.

بۆیە ڕاستیو دروستی ئەوەیە ئەوانی دیکەش بەشێکن لە زامنی دەستبەرکەرو پارێزەری دەستکەوتو ئارامیی ئەزموونی هەرێم، کە نابێت ئەوە لەبیربکرێت کاتێک کە ئەو دوو حیزبە لە سەنگەری خۆێنڕشتنی براکوژیدا بـوون، ئەوانی دیکەش چەندین هەوڵی بـەردەوامو زیاد لە توانای خۆیان دا بۆئەوەی ئەو شەڕە ڕابگیرێتو کۆتایی پێبێت، کە ئەو ئەزموونەی کە ئێستا ئێوە خۆتان بە تاکە زامنی پاراستی دەزانن، بۆ چەند ساڵێک لە شوێنی خۆیدا نەک وشککرد، بەڵکو بـەرەو دواوە هێنایەوەو لە هەمانکاتیشدا بەهۆی خۆبە گەورە زانینتان ئامادە نەبوون گوێ لە هەوڵە ناوخۆییەکان بگرن بۆ ئاشتەوایی، بەڵام ڕێککەوتنەکانی تارانو دبلنو... هتدتان لە گوێ دەکـرد، بۆیە هەقە ئەوانیش بە شەریکی پلەیەکی خۆتان بـزانـنو لـەو دەنگە ڕەسەنانەنو خـۆشـیو ناخۆشیو هەڵکشانو داکشانیان بینیوە، وەک چـۆن لە باسکردنی گەندەڵیدا بەشداریان دەکـەن، لەبەرئەوەی لە حکومەتدا بەشدارن، ئاوەهاش بەشداریان بکەن لەو زامنکردنەدا، کە مـافو هەقی ڕەوای خۆیانە، وەک ئاماژەم پێدا باشتروایە بۆ هەر قسەو گوفتارێک ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە، جا بڕیار بدەین، کورد واتەنی کە ماڵی خۆت لە شوشە بوو، بەرد مەگرە ماڵی کەس.

Anwar_arab@yahoo.com

# هەڵبژاردنەکەی ئێران، وێنەیەکە بۆ خۆمان



محەمەد جەمال

هەفتەی ڕابــردوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەچوو، جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەم هەڵبژاردنە ململانێیەکی بەهێزی بەخۆیەوە بینی، هەر لەکاتی بانگەشەکانەوە تا دەرئەنجامو دواتریش کە ململانێکان بەهێزتربوون، ئــەوەی ئەسڵی مەسەلەیە لێرەدا بـاسـکـردن نییە لــە خــودی ئەو هەڵبژاردنە، بەڵکو مەبەست ئەو هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەیە کە بڕیارە ٧/٢٥ لە هەرێمی کوردستانی عـێـراق سـازبـکـرێـتو وێنەیەکی هەڵبژاردنەکەی ئێرانیش دەبێت.

دەســــەڵات لـێــرەو لــەوێـش دەیـەوێـت هەرچی هەیە بۆخۆی بیباتو لایەنە موعارەزەکانیش یان ڕاستتر بڵێین ئەوانەی دەسەڵاتی ڕەهایان لەدەستدا نییە، کەوتوونەتە ململانێیەکی بەهێزەوە، هاوڵاتییانو کارناسان هەریەک بەشێوەیەک باسی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەوەی گرنگە بارودۆخ گۆڕا، ئەگەر لە ئەنجامەکەشیدا نەبووبێت، لێرەش بەڕێوەیە، لە هەڵبژاردنەکەدا ڕوودەدات کە ژمارەیەکی بەرچاو کورسی یەکێتیو پارتی کەمدەکاتو بەسەر لیستەکانی دیکەدا دابەش دەبێت، یان دوای هەڵبژاردنەکە دەبێت کە دەســەڵات تەزویرێکی بەرچاو دەکات، ئەمەش لەلایەن گەلەوە قبوڵ ناکرێتو خەڵک ناچار بە خۆپیشاندانو ناڕەزایی دەبێت، کە دەبێتە نموونەیەک بۆ نەهێشتنی زوڵمو زۆر.

گرنگ لێرەدا ئەوەیە دەسەڵات قبوڵی دەرئەنجامەکەی بکاتو ئەو خۆپیشاندانانە بە دەستو گێرەشێوێن ناونەبات، چونکە با یەکێتیو پارتی دڵنیابن ئەودەنگەی دەیهێنن،لەبەرامبەر دابەشکردنی ئەو پارەو دیاریانەدایە کە دەیدەنە خەڵکێکی داماوو بێئاگا لەوەی کە ئەو پارەیە هی خۆیەتی، بـەڵام لای ئـەوان کـۆکـراوەتـەوەو ئێستا ڕۆنـی خۆمانەو لە سمێڵی خۆمانی دەدەنەوە، لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕانکاریی ڕوودەداتو چاوەڕێبین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووتریشدا لەو گەورەتر بەڕێوەیە، بەڵام پێویستی بە کاتە، گرنگ ئەوەیە ئەو کاتە هەردێت، زووبێت یان درەنگ، کاتی ڕێککەوتنی ستراتیژی تەواوبووبێت یـان نا، پـارەو دیاریی تەواوبووبن یان نا، چاوسوورکردنەوەو جنێوفرۆشیی تــەواوبــووبــێـت یــان نــا، تۆمەت تەواوبووبێت یان نا؟

چــەنــد بــاســێــک هــەیــە لە هەڵبژاردنی کوردستاندا کە جێگای هەڵوەستەکردنە، یەکەم: هەڵمەتی هەڵبژاردنە کە یەکێتیو پارتی هەموو مومتەلەکاتو پێویستییەکی حکومەتیان لـەبـەردەسـتـدایـە بۆ بەکارهێنان، هەموو بەرپرسەکان کاتی تایبەتی دەوامیان هەیە بۆ ئەنجامدانی پڕوپاگەندە، خۆیان چـاودێـرنو سـوژنـی چـاوی خـۆیـان نابینن، بەڵام دەرزی چاوی خەڵک دەبینن، دووەمیش: کاتی هەڵبژاردنە، چاودێر لە خۆیانو سەرسندوق بۆ خۆیان ئازادەو خۆیان «فەرمانبەر»ن، چییان بوێت دەیکەن، کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکانیش وەرەقــە سپییەکان چاوەڕێی پڕبوونەوەن، سێیەم: دوای هەڵبژاردن ئەوەی قبولیەتی قبوڵی بێت، ئەوەی قبوڵی نییە کام قوڵە بەرزە با بچێت بیگرێت، کەس بۆی نییە ڕەخنەو تانە بگرێت، ئەوەشی بیگرێت خۆیان وەڵامی دەدەنەوە کە ئەو تانەیە لەجێی خۆیدا نەبوو!!.

ئەمانەی باسیدەکەین تۆمەت نین، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بینیمان، بەڵام ئەمجارە وا بە ئاسانی تێپەڕنابێت، ئەوانیش ناتوانن بە ئاسانی بیکەن، چونکە با بزانن ئەو سەردەمە بەسەرچوو، لە فێڵەکانتان شارەزاینو میللەتیش جارێکی دیکە بە تەپڵو زوڕنـاتـان هەڵناپەڕێت، چونکە خزمەتگوزارییەکی واتان پێشکەش نەکردوون، بۆیە چاوەڕێی چاکسازییو گۆڕانن، ئەوەش بە ئێوە ناکرێت.

**لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕانکاریی ڕوودەداتو چاوەڕێبین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووتریشدا لەو گەورەتر بەڕێوەیە، بەڵام پێویستی بە کاتە، گرنگ ئەوەیە ئەو کاتە هەردێت، زووبێت یان درەنـگ، کاتی ڕێککەوتنی ستراتیژی تەواوبووبێت یان نا، پارەو دیاریی تەواوبووبن یان نا، چاوسوورکردنەوەو جنێوفرۆشیی تەواوبووبێت یان نا**

NEW Sirwan Mineral Spring Water

زیاد لە 25 ساڵ ئەزموون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا

ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان



From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی راستەوخۆ

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ



بۆ وەبەرهێنانی
خانووبەرە
هەلێکی زێرین...



کۆمپانیای رۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆلینگ)، هەر یەکەیەک بە رووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، تواڵێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە
١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکرێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە.
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر
0750 152 1717-0770 152 9392-0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com

Rozhi Nwe Co.

ASHTI CITY

کۆمپانیای جێبەجێکار
گروپی کۆمپانیاکانی گەلالە ،کە بە سەرپەرشتی دستەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت و سندوقی ئیسکان دەیگرێتەوە .

پرۆژەی ئاشتی بۆ نیشتە جێبوون
مشروع مدينة أشتي الأسكاني
ناونیشانێکی تازە بۆ جوانترین شاری کوردستان

هە لێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی خانوویە ک کە رووبەری زەویەکەی
(250) مەتر دوجایە لە جوانترین جێگای شاری هەولێر
لەسەر رێگای نێوان کەســـنەزان وبنەسلاوە .
ببە خاوەن خانوویە ک بە قیستی مانگـانەی گونجاو.
نرخی خانوو بە 50000 $ :
* پێدانی پێشەکی 10% لە کاتی تۆمارکردن .
* قیستی 410 دولار ، بەشێوەی مانگــانە .
* قەرزی 50% لە نرخی خانوو لە سندوقی نیشتەجێبوون . بەبێ سوودی سندوقی نیشتەجێبوون .
* قیستی 10% لە کاتی وەرگرتنی خانوو .
سعر البيت 50000 $ :
* دفعة مقدمة 10% عند التسجيل .
* أقساط 410 دولار شهرياً .
* قرض 50% من قيمة الدار بدون فوائد من صندوق الأسكان.
* دفعة 10% عند أستلام الدار .



پرۆژەی بیناکردنی شارێکی تەواو لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریە ژێر خانەکان :
شەقامی سەرەکی وناسورەکی / تۆڕی ئاوی خواردنەوە /تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا / تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی باران
بنکەی بــازرگانــی و بازارگـا / قــوتابخانــە /بنکە تەندروســـتی / یاریگــای وەرزشـــی / باخچــە

ناونیشانی نووسینگەی بە بازارکردن :
شەقامی (100) مەتری/بالە خانەی پێشانگای گەلالە .
بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ
کۆرک : 0750 7225858
ئاسیا : 0770 9185858